# دیالێکتیکی تابلۆ

## لە ئەشکەوتنشینەکانەوە تا هونەری هاوچەرخ

**هەڵوێست عارف**



٢٠ی ئابی ٢٠٢٢ توێژینەوە، شێوەکاری

هەموومان ئەوە دەزانین کە چالاکیی هونەری پێش چالاکیی بیرکردنەوەی زانستی، فەلسەفی دێت، بەڵام بەبێ درکپێکردنێکی ئەوتۆ توانیویانە شتێکی لێ تێبگەن. چالاکییەکانی بەر لە هونەریش بریتی بوون لە چالاکیی خۆژیێنی، کە ڕاوکردن و کۆکردنەوە دەگرنەوە. هەر چالاکییەکیش بەر ڕەگەزێک کەوتووە. کاتێک مرۆڤ لە گۆ دەکەوێ، بوونی خۆی لەنێو چالاکییەکی هونەریدا دادەنێت.

واتا هونەر خۆی دەکرێ وەک پێناســـەیەک بۆ بوون ببینرێ؛ پەیامی بوون لە هونەردا جێی بکرێتەوە. بە گشــتی بۆ تێگەیشــتن لە واتەی هونەر یان چالاکیی هونەری، پێویســـتە چییەتیی هونەر دەربخەین و بۆ دەرخســـتنی چییەتیی هونەریش، دەبێ ئەو مەرجە بنەڕەتییانە دیاری بکەین کە بەرهەمێک دەکات بە هونەری و ئەوەی دی بە ناهونەری. لەگەڵ سەرهەڵدانی بیرکردنەوەی فەلسەفی لە ســـەردەمی ئەفلاتووندا، ئەم بـابەتە بووە بە بـابەتی توێژینەوە. گەرچی ئەفلاتوون خۆی وێنەکێش و شاعیر بووە، بەڵام لەگەڵ ناسینی سوکرات وازی لێیان هێناوە و بووە بە قوتابیی ســکرات. هەروەها مێژووی فەلســەفەی هونەر لە ئەفلاتوونەوە دەســت پێ دەکات. ئەو هونەر وەک خزمەتێک بۆ بەرنامەیەکی هونەری بەکــار هێنــاوە، واتە هونەر لەپێنــاو هونەر. گەرچی ئەفلاتوون لە کۆمارەکەیدا هونەری ســنووردار کردووە و بۆ خزمەتی دەســەڵاتی پەروەردە بەکاری هێناوە.

**پێویستە بپرسین چۆن بەرهەمی هونەری بناسین؟**

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بۆ لای ئەرستۆ دەگەڕێینەوە. ئەرستۆ چەمکێک دادەدەڕێژێ بە ناوی (technē). ئەم چەمکە واتە بەخشینی هەموو چالاکییەک لەپێناو دروســتکردن و بەرهەمهێنانی شــتێک. بۆ ئەرســتۆ درکپێکردنی هزری پێویستە بۆ ناسینی کارێکی هونەری؛ ڕاستە بابەتە هونەرییەکان لە هەریەک لە فۆرم و ماتەر (مادە) پێکدێ، بەڵام هونەر فۆرمە نەک ماتەر. ئەرستۆ نموونەی پەیکەرێک دێنێتەوە کە بە ڕاســـت پەیکەرە نەک تەنیا تاشـــەبەردێک. ماتەر هەرشتێک بێت، فۆرم بابەتی بۆ پەیدا دەکات. ئێمە لە پەیکەرەکە دەڕوانین نەک لە تــاشـــەبەردەکە. تێڕامــان و بیرکردنەوەی ئێمە لە فۆرمەکەیەوە دێــت، فۆرمەکەش بڕیار و پەیام بۆ کارێکی هونەری دروســـت دەکات. ئەرســـتۆ بەگەڕخســـتنی هۆش بۆ ناســینی فۆرم دادەنێت و هەســتەکان دەخاتە دواوە،

بەڵام بەرهەمی هونەری کار لە هەستەکانمان دەکات نەک هۆش. مرۆڤ باسی ئەزموونی ئیستاتیکیی خۆی دەکات نەک درککردنە هزرییەکەی. لەگەڵ ئەوەشدا هەستکردن ناتوانێت فۆرم بدۆزێتەوە. گەر هونەر تەنیا پەیوەندی بە هەستەوە هەبێ، ئەوا ئاژەڵیش دەتوانێ هەست بکات. هەڵۆیەک چەند چاوی تیژ بێ و سەگیش چەند هەستی بۆنکردنی بەهێز بێ ناتوانێ چێژ لە بەرهەمی هونەری ببینێ، چون درککردنی هزرییان نییە. لە دونیای ئێستا، ئەوەی بۆ هەبووەکان و بوونە ناڕەسەنەکە (بە مانا هایدیگەرییەکەی) گرنگە، جوانییە نەک چێژی هزریی هونەری.

## چۆن جوانی بناسین؟ چۆن بەرهەمێک لە ڕێی جوانییەوە بناسین؟

ئەرستۆ جوانی بە خەسڵەتێک دادەنێ کە بەرهەمێکی هونەری لە بەرهەمێکی ناهونەری جیا دەکاتەوە. جوانییش پێناسەیەکی حەتمی نییە، چون زۆر جۆری جوانیمان هەیە: جوانیی ڕەنگ، جوانیی شێوە... تاد. دوای ئەرستۆ و سەرهەڵدانی فەلسەفەی عەقڵانی Rationalism و کێشمەکێشی لەگەڵ فەلسەفەی هەستگەرایی Empiricism، سەرلەنوێ چەمکی جوانی پێناسە دەکرێتەوە و تێگەیشتنێکی نوێ بە بەری کاری هونەری دەکەنەوە. (ڕەوتی هەستگەرایی، هەریەک لە بیریاران: دەیڤد هیووم و جۆن لوک و بارکلی ڕابەرایەتی دەکەن). لای هەستگەراکان، هەستەکانمان سەرچاوەی ناسینەوە و زانینی بابەتەکانن. مرۆڤ تا ڕەنگی سوور نەبینێ ناتوانێت بیناسێت، تا کۆتر نەبینین ناتوانین بڵێین دوو باڵی هەیە. هەستگەراکان بەرهەمی هونەری وا دەخوێننەوە کە بۆ ناسینی فۆرم و ناواخنی کاری هونەری، هەست یارمەتیی تێگەیشتن لە بابەت دەدات. بۆ نموونە دەیڤد هیووم پەیوەندیی هونەر بە

هەستکردنەوە گرێ دەدات. ئەوەی بۆ من جوانە، بۆ کەسێکی دی ڕەنگە جوان نەبێ، چون هەستکردن خودییە، وەک هەنگوینەکەی کانت؛ کاتێک کەسێک تامی هەنگوین دەکات، ئەو چێژی لێ دەبینێت نەک کەسێکی دی. واتا هەرکەس جیا لەوی تر بیرکردنەوەی بەرانبەر بابەتەکان جیاوازە، هەستی تایبەت بە خۆی هەیە.

ئەلیکساندەر باومگارتن جوانی بە پەیوەندیی هەستەکییەوە دەبەستێتەوە و چەمکی ئیستاتیکی بۆ جوانی داناوە و وەک جوانناسی بەکاری هێناوە، بەڵام لە زمانی یۆنانی کۆن، وشەی Aisthetikos واتەی هەستکردن دەدا نەک جوانی. چەمکی ئیستاتیک واتەی جوانی ناگەیەنێ، کە کانتیش لە پەرتووکی یەکەمیدا بۆ هەستکردن بەکاری هێناوە. باومگارت جوانی بە هەڵقوڵاوی هەست دەزانێ و پێی وایە جوانی لە هەستەکانەوە دێتە دەر، بۆیە بەم مانایە بەکاری هێناوە. باشە گەر جوانی لە هەستەکانەوە هاتبێتە دەرەوە ئەوا جوانییش بەشێکە لە هەستەکان، بەڵام کام هەست؟

ناسینی جوانی بە دوو قۆناغ تێدەپەڕێ: یەکەمین جار ڕوو لە بەرهەمەکە دەکات و هەست بە جوانییەکەی دەکات، بەڵام هەستکردن لێرە ناوەستێ و دەبێ جوانی کار لە سۆزی وەرگر بکات. تۆلستۆی گوتەنی بەرهەمی هونەری سۆز بۆ بابەتەکان دەردەبڕێ، بەڵام سۆز و جوانی ناکرێ وەک هەست تەماشا بکرێن. فرانسیس هاچەسەن Francis Hutcheson لەژێر کاریگەریی هیوومدا، بۆ ئەم کێشەیە دوو جۆر هەستکردن دادەڕێژێ، یەکەم: بیستن و بینین و تامکردن... ئەمانە دەرەکین و، جوانی و ناشرینی و سۆز... ئەمانیش ناوەکین، گەرچی هەستکردن ڕێژەییە و ناپێورێت، تەنیا لە گوتەی زمان نەبێ بە گوتنی وشەگەلی وەک: کەمێک، زۆر، پیچەک... ڕێژەی جوانییەکە دەردەخەین. ئەم دەرخستنی ڕێژەی هەستە بۆ بابەتەکە لە ڕێی زمانەوەیە،

واتە زمان ڕێژەکە پیشـــان دەدات. ئایە جوانی لەناو خودی بابەتدایە، یان لە هەستکردندایە بەرانبەر بابەت؟

گەر لەنێو بابەتدا بێ ئەوا پێویســـتیمان بە هەســـتکردن نابێ و دەبێ بە خەســـڵەتێکی دەرەکی. لە حاڵەتی دووەم، جوانی لەناو بابەتەکە پەیدا نابێ، دەکەوێتە سەر چۆنیەتیی هەستکردنەکە.

بۆ فۆرم و ماتەریش، هەستگەراکان ناسینی جوانی لە فۆرمدا دەبینن و کاتێک باســـی جوانیی هەبوویەک دەکەین، باســـی شـــێوەی دەرکەوتنی دەکەین نەک ماتەر. فۆرم خۆی لە ماتەردا دەردەخات. ماتەرەکان دەکرێ یەک بابەت (جۆر) بن، بەڵام فۆرمیان جیاواز بێ، ماتەری کورسی و مێز جیاوازییان نییە، فۆرم جیای کردوونەتەوە و مانای پێ داون. بیریارێکی وەک کلایڤ بـــێـــڵ clive bell پێی وایە فۆرم هەســـتکردن دەدۆزێتەوە. ناســـینی جوانی لە فۆرمەکەیە نەک خودی فۆرم. فۆرم وا دەکات مرۆڤ هەست بە جوانی بکات.

بۆ فێرگەی هۆشـــەکییەکان هەســـت لە دواوەیە و هۆش لێکدانەوە بۆ بابەتەکان دەکات و زانین(مەعریفە)ی لێوە دروست دەکات، هۆش هەستەکان دەپاڵێوێت و دەیانکات بە بابەتی زانین و زۆر جار بۆ تەفسیرکردنی بابەتەکان پـشـت بە هـــەســـت نابەستێت، بۆ نموونە خودا. مرۆڤ ڕۆژانە باسی خودا دەکات بەڵام بەبێ ئەوەی بەری کەوتبێ و بۆ ســـاتێک هەســـتی پێ کردبێت. ئەم فێرگە فەلســـەفییە لەلایەن دێکارتەوە دەســـت پێ دەکات، ئەو کاتەی بیری بڕواگەری دەشکێنێت و هەموو شتێک لەسەر پرسی گومان دادەمەزرێنێت بۆ گەیشتن بە ڕاســـتی. دێکارت بە گومانەوە ڕووو لە بابەتەکان دەکات، هەوڵی پێناســـەکردنی دەدات. بەر لە دێکـارت، ئەفلاتوون لە دایەلۆگی مینو بـاســـی بیرۆکە هۆشـەکییەکانی کردووە و لەگەڵ میتافیزیکی خۆیت یکهەڵکێشی کردووە، بەڵام ئەفلاتوون گومانکارانە نـاڕوانێتە پرســـەکـان. گەرچی دێکـارت بـاوەڕی بە

بیرکردنەوەیەک هەیە کە لە دەرەوەی جەستە هەبێ، ئەم بۆچوونەش زیاتر لە فۆرمە هەمەکییەکانی ئەفلاتوون نزیکمان دەکاتەوە.

وەک باسمان کرد لای ئەرستۆ بۆ ناسینی بەرهەمی هونەری و چێژی ئیستاتیکی، پێویستمان بە درککردنی هزری هەیە. پاش ئەرستۆ، شۆپنهاوەر باسی ئیستاتیکی کردووە. فەلسەفەی ئەرستۆ و شۆپنهاوەر وەک دوو هێڵی تەریب وان؛ قەت بە یەک ناگەن. بۆ ئەرستۆ هۆش و بۆ شۆپنهاوەر ویست جیهان پێکدێنن. ویست هێزێکی کوێرە و لە هۆش بەدەرە. لە ئەزموونی ئیستاتیکی هۆشەکی، ئەوەی پێویستە بیناسین بیرۆکەی نێو بەرهەمەکەیە، بۆ ناسینی بیرۆکەش خۆونکردن مەرجە بۆ تێگەیشتن لە بەرهەمی هونەری. بەڵام چ جۆرە خۆونکردنێک؟ گەر بینەر فینۆمینۆلۆجییانە بڕوانێتە بابەتی هونەری، وەک هوسرڵ دەڵێت لەنێو دووکەوانەیە (epoche) وەک دیاردەیەک بابەتەکە ببینێ، ئاگامەندی بە سەربەستی ڕوو لە بابەتەکە دەکات و دەبێ بە دیاردە. گەر مرۆڤ وەک دیاردەیەک مامەڵە لەگەڵ هونەردا بکات ئەوا دەتوانێ هونەر بۆ کەسانی دی دەربخات و بیانکات بە دیارە، بەڵام دیاردە شتە و شت دەبێتە دیاردە وەک خۆدەرخستنی مێزی ژوورەکەم، بەڵام مێز و کارێکی هونەری وەکوو یەک نین، ناکرێ هونەر وەک شت ببینرێ. دەکرێ مرۆڤ دێکارتییانە بڕوانێتە کاری هونەری، بەڵام دێکارت بابەتەکانی بۆ گومان کورت کردووەتەوە. ناکرێ بینەر گومان لە ئەندێشەی داهێنەرانەی هونەر بکات.

دوای هۆشەکییەکان هیگڵ بە میتۆدە دیالێکتیکەکەیەوە بۆ ناواخنی کاری هونەری دەگەڕێتەوە و لەسەر ئاگامەندییە ڕەهاکەی دایدەمەزرێنێت. بۆ هیگڵ ناوەڕۆکی هونەر لە ئاگەمەندیی ڕەها جیا نابێتەوە، بەڵکوو هونەر ناوەندێکە بۆ خۆدەرخستنی ئەم ئاگامەندییە. خۆدەرخستنی ئاگامەندی لەناو هەبووەکان دەبێ بە جوانیناسین. بابەتی جوانییش لای هیگڵ سەرەتا هەست، دواتر هۆش

بەشـــداری دەکات؛ واتە بابەتەکان بەر هەســـتی مرۆڤ دەکەون و لە هۆشـــی خۆی دەیانپاڵێوێت. لای هیگڵ ئاگایی بۆ ناسین و بەرهەمهێنانی کاری هونەری پێویستە. ئەو، ئاگامەندی وەک تێز، سروشتیش وەک دژەتێز وەسف دەکات. تێز و دژەتێز یەک دەگرن و بەرهەمێکی هونەری دێتە بوون. هونەرمەند تا ئاگاییی خۆی تێکەڵ بە سروشت نەکات ناتوانێت کاری هونەری بێنێتە بوون. بەڵام ئەم جۆرە ڕوانینە بابەتی هونەری دەکات بە دەرەکی و لە ئەندێشـــەی هونەرییانە دایدەبڕێت. بۆ هیگڵ جوانیی سروشت لە ماتەردا نوقم بووە و بۆ بەرهەمە هونەرییەکان، جوانی لە فۆرمدایە. جوانییش لای هیگڵ خۆدەرخستن و تیشکدانەوەی ئاگامەندیی ڕەهایە. لای هیگڵ جیا لە ماتەر و فۆرم، ناوەڕۆک گرنگیی هونەرەکە دەردەخات. لای ئەو، ناوەڕۆک و ماتەر دەبێ هاوتەرز بن، تاوەکوو بتوانێ بە دروستی خۆی دەربخات. هاوسەنگیی نێوان ناوەڕۆک و ماتەر، هونەری کلاسیکی دەهێننە کایەوە.

بەپێچەوانەی هونەری هێماوە، کە لە هونەری ئایینی هیندۆسی و میسرییە کۆنەکاندا دەبینرا، هونەری کلاسیکی پەنا بۆ هێماکان بۆ دەربرینی ناوەڕۆکەکەی نابات و لە ڕێگای فۆرمەکەیەوە ئاشکرای دەکات. هیگڵ سەرهەڵدانی هونەری کلاسیک بۆ یۆنانی کۆن دەگەڕێنێتەوە. ناوەڕۆک نوێنەرایەتیی بیرۆکەی بکەری هونەری دەکات، بیرۆکەش زادەی ئاگامەندییە و بوونێکی بێسنووری هەیە. کە لە هونەری کلاسیکیدا بێسنووریی ناوەڕۆک دەرناکەوێت و بگرە بەپێچەوانەوە ماتەریاڵ سنوورداری کردووە. سنووردارکردنی ناوەڕۆک، ناتەواویی بەرهەمی هونەری دەردەخات، چونکە ماتەر ناتوانێت نوێنەرایەتیی ئاگامەندی بکات یان خۆی تێدا بەرجەستە بکات. لەبەر ئەمە ناوەڕۆک خۆی بە ماتەریاڵەوە نابەستێتەوە و بۆ سەربەستکردنی خۆی دەگەڕێتەوە بۆ نێو خۆی، بە گەڕانەوەش بۆ خۆیەتی، هونەری

ڕۆمانسیزم سەر هەڵدەدات. وەک خۆڕزگارکردنێک لەم بارودۆخە، شێوازی هونەری ڕۆمانسیزم یەکێتیی نێوان ناوەڕۆک و ماتەر هەڵدەوەشێنێتەوە. بەمەش هونەری کلاسیک تێدەپەڕێنێ. هەڵوەشاندنەوەی ناوەڕۆکی خۆیی بەسەر ماتەردا زاڵ دەبێت و بیرۆکەی خۆبوونی (هونەرمەند) نوێنەرایەتیی ئاگامەندیی بەرهەمەکە دەکات.

ئەگەر دیالێکتیکییانە بڕوانینە ئەم پرۆسەی گەشەکردن و پێشکەوتنەی هونەر و بە چاویلکەیەکی ڕەخنەیی تەماشای بکەین، هەرکام لەم جۆر و فێرگە هونەرییانە ناکۆکی و کەموکورتییان هەڵگرتووە. لە هونەری هێماییدا ناوەڕۆک نەیتوانینوە خۆی دەربخات، ماتەر ئەوی بەستۆتەوە. وەرگر و بینەر لێکدانەوەی جیای بۆ دەکەن. خۆدەرخستنی ناوەڕۆکیش لە هونەری کلاسیکیدا هاوتەرزە لەگەڵ ماتەر، لەگەڵ ئەمەش ناوەڕۆک هێشتا سەربەست نییە و ناتوانێت واز لە پەیوەندییەکەی بە ماتەریاڵەوە بهێنێت؛ لەگەڵ هەر خۆدەرخستنێکی ماتەر، مەرجداری دەکات، بۆیە بە ناوەڕۆکێکی سنووردار دادەنرێت. بۆ سەربەستبوون و تێپەڕاندنی سنوورداریتییەکەی، دەبێ ئەم پەیوەندییە خۆدەرخستنە هەڵبوەشێنێتەوە، ئەم هەڵوەشاندنەوەیەش ڕۆمانسیزم دەیهێنێتە بوون. هونەری ڕۆمانسیزم خۆڕزگارکردن بوو لە کەلەپچەی کلاسیزم، سەرلەنوێ گرنگیدان بوو بە سۆز و ئەندێشە و ناواخنە هەستەکییەکانی بکەری هونەری و دروستبوونی بیرۆکەیەکی خۆیی بۆ نوێنەرایەتیکردنی هونەر.

نیچەش لەژێر کاریگەریی شۆپنهاوەر، هیچ هۆکارێکی هۆشەکی بۆ دروستبوونی جیهان دانانێت. بانگەشەی مەرگی خودا دەکات. هۆکاری هۆشەکی لە فەلسەفەی ئەفلاتووندا فۆرمی بەرز یان (دێمێرج)ە. لە فەلسەفەی مێتافیزیکی ئەرستۆدا هۆکاری یەکەم، لە ئایینەکانی جوو- کریستیان- ئیسلام

خوایەکی تاک و تەنیایە. لە فەلسەفەی نیچە بیرۆکەیەکی پووچە و هیچگەرایی بەرهەم دێنێ. ڕەتکردنەوەی هەبوونی هۆکارێکی هۆشەکییەوەک هێزێک کە لە سەروو توانا و دەسەڵاتی مرۆڤەوەیە، بنەمای ئەم هزە ئەوەیە کە مرۆڤ جێگای هێزەکە دەگرێتەوە، بەمەش مرۆڤ داهێنەرانەتر و سەربەستانەتر بیرۆکەکانی دەخاتەوە ڕوو. مرۆڤ تاوەکوو ئەو هێزە ڕەت نەکاتەوە، بڕوا بە بوونی خۆی نەکات، ناتوانێت خۆی لە کۆیلەبوون ڕزگار بکات. پەیوەندیی هیچگەراییی نیچە و هونەر ئەوەیە کە بێجگە لە مرۆڤ هیچ شتێک جوان نییە، هەموو بەهایەکی ئیستاتیکی سەر بەم ڕاستییە سادەیە. هاوکات جگە لە مرۆڤ هیچ شتێکی دیکەش ناشیرین نییە. لێرەدا ئیستاتیکا سنووردارە. بەستنەوەی جوانی و ناشرینی بە بوونی مرۆڤەوە ئەوە دەردەخات کە سروشت جوانیی تێدا نییە. ڕووبەرگەکەی بوونی مرۆڤ لای نیچە ڕووبەرگێکی ئیستاتیکییە. هەرکاتێک مرۆڤ بێزار بوو هەست بە ناشیرینی دەکات. ناشیرینی لێرە ویستی هێزە. ئەوکاتەی مرۆڤ خۆی لە تاریکی و نائومێدی ڕزگار دەکات، هونەرمەندانە دەڕوانێتە بوون و بەهای ئیستاتیکی بۆ دادەنێت، بەڵام مرۆڤ یەک ڕوانینی دەقیقی بۆ بابەتەکە نییە، دەکرێ فەلسەفییانەش بۆ بوون بڕوانێ. نیچە چەمکی هونەرمەندی فەیلەسووف بۆ هونەرمەند بەکار دێنێ و هونەرمەند بە مرۆڤی باڵا دادەنێت. سەربەستانە و بە ویستی هێزەوە مانا و بەها بۆ بوون دادەنێت و هیچگەرایی ڕەت دەکاتەوە. لەم شێوازە ڕوانینەدا هونەرمەند دەبێ بە سەرچاوەی جوانی و ناشیرینی. هایدیگەر لەوانەیەکیدا دەربارەی فەلسەفەی نیچە ئاماژەی بەو ڕۆڵە گرنگەی هونەر لە ژیانی نیچەدا داوە. هونەرمەند بۆ نیچە خاوەن پلەیەکی بەرزی بوونە، چونکە فۆرم بۆ واتای گۆڕینی ژیان و ڕەتکردنەوەی هیچگەرایی بەکار دێنێت. پاش نیچە، هایدیگەر لەژێر کاریگەریی نیچە لە جیهانی تەکنەلۆژیاوە لە هونەر دەڕوانێ و پێی وایە مرۆڤی نارەسەن

لە گێژاوی تەکنەلۆجییەوە دەردێن. ڕوانینی هـایـدیگەر بۆ ئەم بـابەتـە زیـاتر بەســـــتنەوەی بوونە بە هونەر و رزگـاربوونی هەبووە نـاڕەســـــەنەکـانە لە نامۆبوونیان و هیچگەراییی تەکنەلۆژیا.

## مێژووی هونەری تابلۆ

وێنەکێشـــان لە پێش مێژووەوە دەرکەوت، واتە بەر لە دروســتبوونی ژیارەکان و شــۆڕشــی کشــتوکاڵ، مرۆڤەکان بابەتەکانی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان لەســەر دیوارەکان پیشـــــان داوە. دەکرێ بڵێین چالاکیی وێنەکێشـــــان لە پاش چالاکیی خۆژییێنیی مرۆڤەکانەوە بووە، واتا پاش ڕاوکردن و کۆکردنەوە و دروستکردنی تەڵە و پێداویســـــتییەکانی ڕاو. لە چالاکیی خۆژیاندن یان خۆژییێنییدا کارەکانی ڕاو و دانـانی تەڵە، نێرینەکـان خـاوەنـدارییەتیـان کردووە و کـاری ئەوان بوو، هەرچـی مـێیینەکـانیش بـوون، خەریکی کـۆکردنەوە و دروســـــتکردنی پێداویســـــتییەکان بوون. لەگەڵ هاتنی ســــەردەمی دووگیانی و زاوزێکردندا، مانەوەی زیاتری مێیینەکان لەنێو ئەشـکەوتەکان و بەسـەربردنی زۆربەی کات لەوێ، بە مەبەسـتی دوورکەوتنەوە لە بێزاری، دەسـت دەکەن بە کێشـانی وێنە.



کێشــانی وێنەش ســەرەتا لەســەر دەســتی خۆیان و دواتر بە فیگەرگەلی وەک گیانەوەری دڕندە و نێچیرەکان دەرکەوت.

دۆزینەوەی وێنە لەم دواییانە لە ئیســـپانیا کە کۆنترین وێنەیە دۆزرابێتەوە، وای دەنوێنێ زیاتر لە ٤٢٠٠٠ ساڵ لەمەوپێش نەخشێنرابێت.

یەکەم تابلۆ لەلایەن مرۆڤە سەرەتاییەکانەوە دروست کراوە، کە باوەڕ دەکرێت لە ســـەردەمــی پــێــش مــێــژوودا لەلایەن هــۆمــۆنــیــانــدەرتــالەوە Homo Neanderthals دروست کراوە. هەڵکۆڵینی شوێنەواری لە ئەورووپا و ئەفریقا و ئاسـیا دەریدەخات کە مرۆڤە سـەرەتاییەکان یەکەم وێنەکێش و پەیکەرتاش بوون و لە ڕێگەی ئەو هونەرانەوە گوزارشـــتیان لە ڕۆتینی ژیانی ڕۆژانەیان کردووە.

لە ڕاســتیدا ناتوانین مێژووی وێنەکێشــان لە ڕاســتەهێڵێکدا باس بکەین، چون هەموو نەتەوەیەک خـاوەنی کولتوور و نەریتی خۆیەتی و ئەم کولتوور و نەریتـانە لە هونەرەکـانیـانـدا ڕەنگیـان داوەتەوە. دەتوانین بڵێین بە هەزارەهـا مێژووی وێنەکێشان هەن، کە لە ڕووبارێکی بەردەوامی داهێناندان.

پێشکەوتنی وێنەکێشان لە ڕۆژهەڵات هاوتەریبە لەگەڵ ڕۆژئاوا. بە گشتی چەند ســەدەیەک بەر لە ئێســتا، هونەری ئەفریکی، هونەری جوو، هونەری ئیســلامی، هونەری ئەنــدەنووســـی، هونەری هینــدی، هونەری چینی، هونەری ژاپۆنی، هەریەکەیـان کـاریگەریی گەورەیـان بەســـەر هونەری ڕۆژئـاوادا هەبووە، بە پێچەوانەکەشـــییەوە زۆرێک لە فێرگەکانی ڕۆژئاوا لە ئێســـتا و ســـەدەکانی ڕابردوودا کاریگەرییان بەســـەر ڕۆژهەڵاتەوە هەبووە و هەیە. ئەم کاریگەرییە درێژە دەکێشــێ و بەردەوام دەبێ، کە لە داهاتووشـدا شـوناسـی خۆی بەسـەر هونەرگەلێکدا بەجێ دێڵێ.

دوای هاتنەدەرەوە لە ئەشکەوتەکان و دەستکردن بە شۆرشی کشتوکاڵ و دروستبوونی شارستانێتییەکان، هونەر بە چەند قۆناغێکدا ڕۆیشت. لە سەرەتادا هونەر خزمەتی کەسانی پلەباڵای نێو ئیمپراتۆرییەتەکانی دەکرد و ئەم خزمەتکردنەش بۆ ئەوە بوو تا بوونی سەرکردەکان بە نەمری بهێڵێتەوە و نەوەی داهاتوو بیانناسن. دوایی هونەر گۆڕا بۆ خزمەتکردنی ئامانجێکی تاکڕەوانە کە پەیامی ئەم قۆناغە خزمەت بە دید و لێکدانەوە سیاسییەکانی وەک پیشاندانی خۆشگوزەرانیی خەڵکی شار و هەبوونی ڕای ئازاد دەکرد. پاشان هونەری مەدەنی پەیدا بوو. ئەم هونەرە هەموو بابەتەکانی دەکردە بەرهەمی هونەری بێ جیاوازی و گرنگیدان بە ڕەگەز و جۆری کار و... هتد. تەمەنی ئەم قۆناغە کورت بوویەوە، ئەویش پاش هاتنی ئایدیا ئایینییەکان و گرتنی دەسەڵات و بەدۆگماکردنی خەڵک و دەستگرتنی دەسەڵاتی کەنیسە بەسەر شار و دەستتێوەردان لە کاروباری تایبەتی و نەمانی ئازادیی بیرکردنەوە. ئەمانە هەموویان وایان کرد سەرجەم بەرهەمە هونەرییەکان بکەونە خزمەت ئایدیای ئەوان و هونەر وەک خزمەتکارێکی پیرۆزییەکان هەڵدەسووڕا. ڕەخنەلێگرتنیشی سزای مەرگی بە دواوە بوو. بینەرەکانی ئەم قۆناغە هەمووی کەسانی ئەرستۆکرات و چینی بورژوازی بوون. لە سەردەمی مۆدێرن و سەدەکانی ناوەڕاستدا کەسانی ئاسایی دێنە ناو کایەی هونەرەوە.

لە سەردەمی باڕۆک Baroque هونەرمەندان کۆمیسیۆنی تایبەتیان هەبوو کە لە چینی ناوەند و کەسانی ڕۆشنبیر پێکهاتبوون. لە کۆتاییدا بیرۆکەیەک سەر هەڵدەدات بە ناوی هونەر لەپێناو هونەر Art for Art´s. ئەم بیرۆکە هونەرییە دەستی کرد بە دۆزینەوەی گوزارشتکردن لەکاری وێنەکێشانی ڕۆمانسی. کەسایەتی وەک فرانسیسکۆ دو گۆیا Francisco de goya و جۆن

کۆنستەیبڵ John constable و تێرنەر J.M.W Turner ی دروست کرد.

لە سەدەی نۆزدەم دەزگایەکی سەربەخۆی وەک گەلەری دێتە گۆڕێ.

دەکرێ مێژووی هونەر لەم چەند قۆناغەدا جێ بکەینەوە [ئەم دابەشکردنەی لێرە بۆ مێژووی تابلۆ تەواو نییە، بەڵکوو هێشتا کۆمەڵێک تابلۆ دیاری نەکراون هیی چ سەردەمێکن و ئەوەی لێرە باس دەکرێ ئەو قۆناغانەیە کە لە دونیای ئێمەدا نەناسراوە].



پێش مێژوو Pre History

ئەشکەوتی پێتاکێر Pettakere تەمەنی زیاتر لە ٤٤٠٠٠ ساڵە لە ئەندەنووسیا.

ئەمە بە سەرەتای تابلۆ دادەنرێ کە پێکهاتەکانی ئەم تابلۆیە زیاتر دەستی

مێیینە و کۆمەڵێ فیگەری وەک ئاژەڵن. هەندێ وێنەی چیرۆکئامێزن. تەمەنی ئەم قۆناغە بە نزیکەیی ٣٥٠٠٠ بۆ ٤٠٠٠٠ ساڵ دەخەمڵێنرێ، کە لە هەردوو ناوچەی فرانکۆ کانتابرین Franco Cantabrian لە ڕۆژئاوای ئەورووپا و ئەشکەوتەکانی ناوچەی مارۆس Maros ی ئەندەنوسیا دۆزراونەتەوە.

کۆنترین جۆری تابلۆکانی ئەشکەوت بریتین لە ستێنسیلی stencils[1] کە دەست و شێوە ئەندازەیییە سادەکانن. بەڵام لە تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠١٨ زانایان هەوڵی دۆزینەوەی کۆنترین تابلۆی فیگەراتیڤیان[2] دا، کە تەمەنی ئەم لقە قۆناغە زیاترە لە ٤٠٠٠٠ ساڵ کە لە ئەشکەوتی لوبانگ جێریی Lubang Jerji دۆزراوەتەوە. فیگەرانی ئەم تابلۆیە ئاژەڵ بوون و کەمتر مرۆڤ. لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٩ وێنەی فیگەر لە ئەشکەوتی لە کارستی مارۆس پانگکێپKarst Maros Pangkep کە وێنەی ڕاوکردنی بەرازە، مەزەندە دەکرێ تەمەنی زیاتر بێت لە ٤٣٩٠٠ ساڵ. لەم دۆزینەوەیە تێبینی کرا کە کۆنترین تۆماری وێنەی چیرۆکخوانی و کۆنترین کاری هونەری فیگەری بێت لە جیهان. ئەم تابلۆیە کێشانەوەی ڕۆحی ژیانکردنی خۆیان بوو لە ناویدا.



---

[1] مۆدێلێکە بە کار دێت بۆ وێنەکێشانی پیتەکان، هێماکان، شێوەکان

[2] فیگەراتیڤ یان هونەری فیگەری زۆر جاریش وەک چەمک وشەی فیگەراتیڤیزمی بۆ دانراوە، جۆرە
هونەرێکە کە زیاتر لە وێنەکێشان بەرجەستە دەبێ، بریتییە لە هەبوونی ئۆبجێکتی زۆر لە کاری هونەری
و زۆریی ژمارەی کارەکتەر. هونەری ئەبستراکت لەم جۆرە وەرگیراوە.

ژیانی ڕۆژانەیان و شـــێوازی ڕاوکردنیان وەک ڕۆحێک لەناو تابلۆکان پیشانداوە.







## لە سەردەمی پالیۆلیتیک Paleolithic[3]

نوێنەرایەتیی مرۆڤەکان لە تابلۆ ئەشکەوتییەکاندا دەگمەن بوو، بە زۆری وێنەی ئاژەڵەکانیان کێشاوە، نەک تەنها ئەو ئاژەڵانەی بۆ خواردن ڕاو دەکران، بەڵکوو ئاژەڵانی وەک کەرکەدەن و مامۆس، کەلە ئەشکەوتی چاوڤێت chauvet پیشان دراون. ئەشکەوتی چاوڤێت لە بەشەکانی ئەردەچێی فەرەنسا و گرینگترین تابلۆکانی ئەشکەوتی سەردەمی پالیۆلیتیک لەخۆ دەگرێ کە لە

---

[3] Palaeolithic Art ئەم هونەرە خۆی بە دیمەنی ڕاوکردن و کەوڵکردنی ئاژەڵان خەریک کردووە. بابەتی سەرەکییان ئاژەڵ بووە.

دەوروبەری ٣١٠٠٠ ســـاڵ لەمەوبەر نەخشـــێنراون. لە ئیســـپانیا ئەشـــکەوتی ئالتامیرادا تەمەنی تابلۆکان لەنێوان ١٢٠٠٠-١٤٠٠٠ ساڵە.

گەر مانایەک بۆ تابلۆکان هەبن، ئەوا بە شاراوەیی دەمێننەوە. ئەشکەوتەکان لە ناوچەی ئاوەدان نەبوون، بۆیە دەکرێ تابلۆکان وەرزی بووبێتن، کارکردنیشیان لە قەراغ ئەشـــکەوتەکان بووبێ تا ڕووناکیی خۆریان پێ بگات و لە بەریدا خەریکی کارەکانیان بن.

گرینگترین کـاری **ســـەردەمی مێســـۆلیتیـک Mesolithic**[4] بریتی بووە لە جەنگاوەرە مـارچینگەکـان *marching warriors*[5] کە تـابلۆیەکی بەردینە لە سینگل دولا مۆلا Cingle de la molaی ئیسپانیا بە نزیکەییی ٤٠٠٠-٧٠٠٠ ســـاڵ لەمەوبەر بووە. ئەو تەکنیکەی بەکـار هـاتووە لەوانەیە فوولێکردن و تەقاندنی ڕەنگەکـان بووبێ لەســـەر بەردەکـان. تـابلۆکـان ســـروشـــتین و خاوەنشێوازی سێ ڕەهەندی نین و تێکەڵن.

کۆنترین تـابلۆ نـاســـراوەکـانی ســـەردەمی هینـدی، بریتی بوون لە تـابلۆ بەردینەکانی بەر لە ســـەردەمی پێش مێژووی پترۆگلیفەکان petroglyphic[6] کە لە شـــوێنەکانی وەک پەناگە بەردینەکانی بیمبێتکا Rock Shelters of Bhimbetka دۆزراوەتەوە و هەنـدێکیـان لە ٥٥٠٠پ.ز کۆنترن. ئەم جۆرە کارانە بەردەوام بوون، دوای چەند هەزارە و لەســـەدەی حەوتـــــــدا کۆلکە نەخشـەکانی Ajantaی دەوڵەتی ماهاراشترا Maharashtra نموونەیەکیباشی

---

[4] Mesolithic Art زاراوەی مێسـۆلیتیک دەگەڕێتەوە بۆ هەموو ئەو هونەر و پیشـانەی کە لە سەرەتای کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بوونیان هەبووە.

[5] Marching Warriors دەگەڕێتەوە بۆ ســـەردەمی مێســـۆلیتیک بەڵام کارەکانی تایبەت بووە بە شێوازی ڕاو و بەرگریکردن.

[6] petroglyphic لە زۆرێک لە توێژینەوەکان بە هونەری هەڵکۆڵینی ســـەر بەرد ناوزەد دەکرێ، ئەم شێوازە زیاتر هەڵکۆڵینی بابەتەکانی وەک ئاژەڵ، دەست، مرۆڤەکان بووە.

تابلۆ هیندییەکان پێشـــکەش دەکەن. ڕەنگەکانی ســـوور و پرتەقاڵی و زۆربەی سێبەرە جۆراوجۆرەکان، لە کانزاکان وەردەگیران.

### تابلۆی خۆرهەڵاتی

چین و یابان و کۆریا نەریتێکی بەهێزی وێنەکێشـــانیان هەیە کە وابەســـتەیە بە پێشکەوتنی خۆشنووسی و چاپەمەنییەوە. نیگارکێشانی خۆرهەڵاتی کۆن دوور بوون لە تەکنیک و کەمتر گرنگییان بە ڕیالیزم و ئیســـتاتیک و شـــێواز داوە، ئەوەی گرنگ بووە ڕێبازی گرافیکی بوو بۆ وێنەکێشـــان. هەبوونی بۆشـــاییی ســـپی و گرینگیدان بە وێنەی ســـروشـــتی کاری ســـەرەکییان بووە. بۆ کەرەســـتەکانیان جگە لە مرەکەب و ڕەنگ، ئاوریشـــم و کاغەز، زێریش بەکار هێنراوە کە کەرەستەیەکی باو بووە لە کارکردن لە هونەری خۆرهەڵاتیدا.






تابلۆی مۆڕالی ژیانی دادگە لە مەزاری خو شیانکسیوXu Xianxius، بنەماڵەی چینی

باکوور، ٥٧١ی زایینی، تایوان.



وێنەکێشانی ئاوریشم، وێنەی پیاوێک کە سواری ئەژدیها بووە، مێژووەکەی بۆ سەردەمی ویلایەتی وارینگ لە سەدەی ٣-٥ی پ.ز دەگەڕێتەوە.

مێژووی وێنەکێشـــــانی ڕۆژهەڵات کۆمەڵێک کـاریگەریی کولتووری ئـایینە جیاوازەکانی بەسـەرەوە دیارە. لە ڕیالیزم دوورکەوتنەوە بەهۆی هۆگربوونیان بە ئەفسـانەکانیانەوە. تابلۆکانیان بۆ نوێنەرایەتی نەبوون بەڵکوو بۆ ڕازاندنەوە

بوون. تەنیا لەماوەی ویلایەتی وارینگ[7] (٢٢١-٤٠٣ پ.ز) هونەرمەندان دەستیان کرد بە نوێنەرایەتیکردنی جیهان و ناوچەکە.

وێنەکێشـــان یەکێکە لە کۆنترین هونەرەکانی ژاپۆن، کە ســـتایلی جۆراوجۆری تێدایە و بیرۆکە و ســـــتایل یان پتر هاوردەن و کاریگەریی هونەری چینییان بەسەرەوەیە.

نیگارکێشـــانی کۆری وەک فۆرمێکی ســـەربەخۆ لە دەووروبەری ١٠٨ی زایینی لە کاتی کەوتنی گۆجێســـۆن Gojeson دەســـتی پێ کرد. کاری هونەری لەو ســـەردەمەدا گەشـــەی ســـەند، لقی جۆراوجۆریان لێ بوویەوە. گرنگترینیان ئەو تـــابلۆیـــانە بوون کە گڵکۆی شـــــــاهـــانەی گۆگوریۆیـــان Goguryeo پێ رازاندبوویەوە. وێنەکێشـــانی کۆری بە شـــێوەیەکی ســـــەرەکی، تێکەڵەیەکە لە دیمەنی کۆری، تایبەتمەندیی دەموچاو، فۆرمی بوودایی...

[7] ویلایەتی وارینگ ســــەردەمێک بوو لە مێژووی کۆنی چین کە بە جەنگ و قڕکردن و ئـاوارەیی خەڵـک نـاســـــراوە. دەوڵەتـانی قی Qi ، قین Qin ، ویی Wei ، هـان Han... ڕکابەرییان دەکرد لەسـەر داگیرکردنی ویلایەتەکە تا لەسـاڵی ٢٢١ پ.ز دەوڵەتی قین داگیری کرد، بوو بە یەکەم ئیمپراتۆرییەتی
یەکگرتووی چینیی ناسراو بە بنەماڵەی قین.




گۆزەیەکی چینییەخشێنراو لە سەردەمی هانی ڕۆژئاواWestern Han (۲۰۲پ.ز – ۹ی زایینی)



وێنەی نێر لە تابلۆیەکی لاکوێرویێر lacquerware لەسەر دار، سەردەمی باکووری وی،

سەدەی پێنجەمی زایینی.


هونەری بوودایی، پەیکەری حەسانەوەی وێنەکێشراو لە یۆنگانگ گرۆتۆسYungang Grottoes،

باکووری بنەماڵەی وی (386–535ی زایینی)




Emperor Sun Quan in the Thirteen Emperors Scroll and Northern Qi Scholars Collating Classic Texts, by Yan Liben (c. 600–673 AD), Chinese

ئایدۆلۆژیاکانی کۆنفوشـــانیزم Confucianism، داوێزم Daoism، بودیزم Buddhism ڕۆڵێکی کاریگەرییان لە هونەری ڕۆژهەڵاتی و ئاســـیادا گێڕا.

نیگارکێشانی سەدەکانی ناوەڕاست وەک لین تینگگوی lin tinnggui و لوهان لاوندەرینگ luohan laundering (کە کارەکانیان لە گەلەری هونەریی سمیتسۆنیا فریر Smithsonia Freer هەڵگیراوە) لە سەدەی ١٢ نموونەیەکی نایابن لە بیرۆکە بوودایییەکان، کە تێکەڵ بە کاری هونەری کلاسیکی چینی بوون. لوهان یەکێکە لە هونەرمەندە وردەکان لەکێشانی تابلۆکاندا، کە تابلۆکانی ئەو کاریگەرییەکی گەورەیان لەدوای خۆیان بەجێ هێشت.

## میسر- یۆنان – رۆما



هێلێنستیکی Hellenistic یۆنانی تیراکۆتا terracotta وێنە دیوارییە سەرنجڕاکێشەکان، سەدەی سێیەمی پ. ز.

میسری کۆن، شارستانێتییەکە کە نەریتی بەهێزی تەلارسازی و پەیکەرسازی هەیە (هەردووکیان لە بنچینەدا بە ڕەنگگەلی درەوشاوە و بریقەدار نەخشێنران) لە پەرستگە و بیناکاندا چەندین تابلۆی مۆراڵی هەبوونە و وێنەیان لەسەر دەستنووسەکانی پاپیرۆس Papyrus[8] کێشاوە. وێنەکێشانی میسری، ڕازاوەن و زۆر جار گرافیکی. هەندێ جار کەتوارانە نیگا دەکەن. وێنەکێشانی میسری پشتیان بە ڕەنگی تۆخ و کێشانی وێنە لەسەر تەختە بەستووە، کە هەموو فیگەرەکان بە شێوەیەکی تەخت و لکاو بە دیوارەکانەوە کێشراون، کە خەسڵەتی نەگۆڕن. وێنەکێشانی میسری پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ زمانە نووسراوەکان هەیە کە پێیان دەوترێ هیرۆگلیفی میسری[9] هێمای ڕەنگاوڕەنگ لە نووسراوەکاندا ڕۆڵێکی سەرەکیی دەبینی. هەروەها میسرییەکان وێنەیان لەسەر کەتان کێشاوە کە تاوەکوو ئێستا ماون. تابلۆکانی میسر بە هۆی کەشوهەوای زۆر وشکەوە ڕزگاریان بووە. میسرییە کۆنەکان بۆیە تابلۆیان دروست کرد تا ژیانی دوای مردنیانی پێ خۆش بکەن. بابەتەکانیان بریتی بوون لەگەشتکردن بە جیهانی دواتر و لێکۆڵینەوە لە خواوەند و ئەفسانەکانیان. نموونەی ئەو خواوەندانەی وێنەیان کێشراوە: ڕا Ra، هۆرووس Horus، ئەنوبیسAnubis، نات Nut، ئۆسیریس Osiris، ئسیس Isis.

لە باکووری میسر شارستانییەتی مینۆینەکان Minoan[10] کە لە دوورگەی کریت Crete بوون، تابلۆ دیوارییەکانیان کە لە کۆشکی کنۆسۆسدا

---

[8] پاپیرۆسPapyrus کۆمەڵەتابلۆیەک بوون گوزارشتیان لە ژیانی ڕۆژانە و ئەفسانە و خواوەندەکانی میسری کۆن کردووە. هەموو تابلۆکانیش بە کەرەستەی سروشتی کێشراون.

[9] هیلۆگۆرفیی میسر سیستەمێکی نووسراوی فەرمی بوو کە میسرییە کۆنەکان بە کاریان هێناوە، تایبەتمەندیی ئەم زمانە ئەوەیە بڕگە و ئەلفبێکەی تێکەڵ کراوە لەگەڵ ١٠٠٠ پیتی جیاواز.

[10] Minoan شارستانییەتێک بوون لە دوورگەکانی کریت و دوورگەکانی تری ئیجە کە سەرەتای سەرەتایان، ساڵی ٣٥٠٠ پ.ز بووە. نوێنەرایەتیی یەکەمین شارستانییەتی

Knossos[11] دۆزراونەتەوە، هاوشێوەی تابلۆ میسرییەکانن بەڵام لە ستایلی زۆر ئازادانەتردا. میسنایان یۆنان Mycenaean Greece[12] کە لە دەوروبەری ١٦٠٠ پ.ز دەستی پێ کرد، هونەرێکیان هاوشێوەی مینۆینکریتی Minoancrte بەرهەم هێنا.

هونەری یۆنانی کۆن لە چاخی تاریکی یۆناندا Dark Age Greece زۆر ئاڵۆز بووە، بەڵام نوێبوونەوەی شارستانییەتی یۆنانی بە درێژایی دەریای سپیی ناوەڕاست لە سەردەمی یۆنانی ئەرجیکا Archaic شێوە نوێیەکانی هونەری یۆنانی بە شێواز و فۆرمی ڕۆژهەڵاتناسییەوە نوێ بوویەوە.



A fresco showing Hades and Persephone riding in a chariot, from the tomb of Queen Eurydice I of Macedon at Vergina, Greece, 4th century BC

---

پێشکەوتووی ئەوروپا دەکات، لە ڕووی هونەر و نووسینەوە زۆر پێشکەوتوو بوون. بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافییشەوە خاوەنی ئابوورییەکی مەزن بوون.

[11] شارێکی یۆنانە خاوەنی هونەرێکی دەوڵەمەندە و زۆر جار بە جیا لە هونەری یۆنانی لە قەڵەم دەدرێ.

[12] دواقۆناغی چاخی برۆنز Bronze Age بوو لە یۆنانی کۆن لەماوەی نزیکی ١٧٥٠ بۆ ١٠٥٠ پ.ز زۆر جار بە خاڵێکی جیاکراوە لە یۆنان دادەنرێ، خاوەنی کولتوورێکی ناودار بوون.

یۆنـانی کۆن وێنەکێش و پەیکەرتـاشـــــی شـــــارەزایـان هەبووە (هەرچەنـدە هەردووکیان وەک کاری دەسـتی تەماشـا دەکران لەو سـەردەمە). تەلارسـازیی پـارتێنۆن Parthenon نموونەیەکە لە تەلارســـــازییئەوان کە تـا ڕۆژگـاری مۆدێرن درێژەی هەبووە. پەیکەرەکانی یۆنانی کۆن زۆربەی کات بە باڵاترین شێوە لە هونەری کلاسیکی مەزەندە دەکرێ.

نیگارەکانی گوڵدانی ڕەش و گوڵدانی ســـوور Black figure vase، Red figure vase نـمـوونـەییەکـی زیـنــدوون، کە گەورەییی هـونەری یۆنــانـی دەردەخەن. هەنـدێک لە وێنەکێشــــە بەنـاوبـانگەکـانی یۆنـانی کۆن لەســـەر پانێلەدارینەکان[13] Wooden Panel وێنەیان کێشـــاوە، کە دەقەکان ئاماژەیان بەم ناوانەداوە: ئەپێلێس Apelles و زیوکســـیس Zeuxis و پەرهاســـیۆس Parhasios.

لەگەڵ ئەوەشدا نموونەیەکی زۆر کەم لە تابلۆی یۆنانی کۆن ماوە و ئەوانی تر فەوتاون. تەنها نووسراوی وەسفی بەردەستە کە لەلایەن پادشا رۆمانییەکانەوە نووسـراون. پاشـان بەهۆکاری نادیار تابلۆکان فەوتاون. ئەپلێس بە گەورەترین وێنەکێشی یۆنانی کۆن وەسف دەکرێت.

هونەری ڕۆمانی بە یۆنان کاریگەر بووە، کە دەکرێتاوی بنێین نەوەی هونەری یۆنانی کۆن، ئەمەش بەهۆی نزیکیی شـێواز و بەکارهێنانی هەمان ڕەنگەکان لە تـابلۆکـانـدا. تـابلۆ ڕۆمـانییە ڕزگـاربووەکـان بریتین لە تـابلۆی دیوارەکـان و

---

[13] Wooden panel هونەرێکی ڕازاندنەوەی سەر دارە.

فریسکۆس Frescoes[14]. لە باشووری ئیتاڵیا شوێنەکانی وەک پۆمپی Pompeii و هەرکولانیۆم Herculaneum نموونەی هەرە دیاری ئەم هونەرەن. ئەم هونەرە زیاتر هونەری ڕووداوی بووە، تابلۆکان چیرۆکیان لە پشت بووە.

لە پاش سەرهەڵدانی مەسیحییەت و وەرگرتنی دەسەڵات، گۆڕانکاری لە هەموو فۆرمەکانی ژیاندا ڕوویان دا، تابلۆش بێبەری نەبوو لەم گۆڕانە. سەرهەڵدانی مەسیحییەت شێوازێکی جیاوازی بە بەری هونەری بێزەتنی کرد Byzantine Art، کە لە سەدەی شەشەمەوە دامەزرا و جەختی زۆری لەسەر هێشتنەوەی ئایکۆنۆگرافی iconography[15] و شێوازە نەریتییەکان دەکردەوە. دوای هەزاران ساڵ لە شێوازە نەریتییەکە دەرچوون. هونەری بێزەنتینی ستایلی فیگەرانەی تێکەڵ بە دیمەنە سروشتییەکانی کێشاوە.

لە ئەوروپای کاسۆلیک دوای پۆست ئەنتیک Post Antique[16] یەکەم شێوازی هونەری جیاکەرەوە دەرکەوت کە بریتی بوو لە وێنەکێشانی هونەری ئینسۆلاری Insular Art[17] بەریتانی کە تاکە نموونەی ڕزگاربوو تێیدا

---

[14] Fresco تەکنیکێکی وێنەی سەر دیوارە، وشەی Fresco لە ئیتاڵی بە واتای تازە دێت، ئەمەش پەیوەندی بە هونەرمەندانی ڕێنسانسەوە هەبووە.

[15] iconography لقێکی مێژووی وێنەکێشانە، بریتییە لە بەرهەمهێنان یان لێکۆڵینەوە لە وێنە ئاینییەکان کە پێیان دەوترێ ئایکۆنەکان. لە نەریتی مەسیحی و ئۆرتۆدۆکسدا بە تایبەتی ئەم کارە زۆر بەکار هاتووە. ئایکۆنۆگرافی بە مانای وێنەی تایبەتیش دێت.

[16] post Antique ئۆبجێکتێکی کۆکراوەیە وەک پارچەکەلوپەلێک یان کارێکی هونەری کە بەهای زۆری هەیە.

[17] هونەری ئینسولار کە بە هونەری هیبەرنۆ ساکسۆنیش Hibemo Saxon ناوی دەرکردووە سەردەمێک دوای سەردەمی بەریتانیای مەزن، کە ئیرلەند و ئینگلیزەکان نەریتەکانی خۆیان تێکەڵکێش کردووە، بووە بە ستایلێکی تایبەت. دواتر زوو لە ئەوروپا تەشەنەی کرد و وەک هونەرێکی سەدەی ناوەڕاست ناسرا.

مینیاتۆره Miniature[18] که له دهستنووسه رووناککراوهکانی وهک book of kells دەردەکەوێ. ئەوان فرە بەناوبانگن بۆ دیکۆرە ئەبستراکتەکان، هەرچەندە شێوەکان و هەندێ جار دیمەنەکان، بەتایبەت لە وێنەی ئیڤانجلیست Evangelist [19] وێنەیان کێشاوە. هەروەها هونەری کارۆلینگیان Carolingian و ئاتۆنیAttonian مانەوەیان لەناو نووسراوەکانە و تەنیا چەند وێنەیەکی سەر دیوار وەک بەڵگە ماونەتەوە.

وێنەکێشانی پانێل Panel Painting[20] لە ماوەی ڕۆمانێسک Romanesque[21] زیاتر باو بوون و لەژێر کاریگەریی قورسی ئایکۆنەکانی بیزەنتینی، تا ناوەڕاستی سەدەی ١٣ و هونەری سەدەکانی ناوەڕاست و تابلۆی گۆتیک Gothic painting زیاتر واقعی بوون، تا پەیدابوونی قوتابییەکانی گیۆتۆ Giotto کە بە مامۆستایەکی گەورەی شێوەکاریی سەدەکانی ناوەڕاست دادەنرێ، وێنەیان ئازادانە و داهێنەرانەتر بوو.

کڵێساکان زیاتر بە پەنجەرە دیکۆر دەکران؛ بەکارهێنانی شووشەی ڕەنگاوڕەنگ وەک دیکۆر. یەکێک لە بەناوبانگترین نموونەکانی ئەم باسە لە

---

[18] هونەری مینچر Miniature Art لە کۆمەڵێ تابلۆ و نەخش و پەیکەر پێکدێن کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پێش مێژوو، هونەری مینچر زیاتر لە ٢٥٠٠ ساڵە دروست کراوە، هونەرێکی بچووککراوەیە.

[19] Evangelist Art جۆرێکی دیاریکراوە لە مینچر کە لە کتێبی ئینجلی کۆن و کتێبەکانی تر ئایینی مەسیحی لە خۆ دەگرێ کە وێنەیەک زۆربەی کات لە لاپەڕەیەک دەبوون، هێما و ڕووناکی بۆ دانراوە.

[20] تابلۆیەکی تەختە کە لەسەر دار دروست دەکرێ یان چەند پارچەدارێک پێکەوە چیرۆکێک دەخوڵقێنن.

[21] هونەری ڕۆمانسکۆی Romanesque هونەرێکی ئەوروپییە، پشت بە چیرۆکی ناوچەیی دەبەستێ، ئەم چەمکە مێژوونووسانی هونەری لە سەدەی ١٩ هەڵیانبژاردووە، بە تایبەت بۆ تەلارەکانی ڕۆمانیا وێنەیان لەناو کێشاوە، شێوازی ڕۆمانیسک یەکەم ستایل بوو کە لە تەواوی ئەوروپای کاسۆلیک بڵاو بوویەوە. ئەم هونەرە کاریگەریی بەسەر فارسەکان هەبوو لە وێنەکێشان.

Cathedral of Notre Dame کەنیســـەی نۆتردام لە پاریس بەرچاوە. لە ســەدەی ١٤دا کۆمەڵگە رۆژئاواییەکان هەموویان دەوڵەمەند بوون بە کێشـانی وێنە، پیشەکە تەنیا لە چەند نموونەیەکی کەمدا نەمایەوە.

## بوونی ژنان لە هونەر (تابلۆ)دا

بەر لە دەســـتپێک، هونەر بەرهەمی ســـەردەمی خۆیەتی، دەرئەنجامی ئەو بیرکردنەوە کۆمەڵایەتی و ســـیاســـی و ئایینییەیە کە هونەرمەند تێیدا گەورە بووە. بە درێژاییی مێژوو ژنان وێنەیان کێشـــاوە بەڵام وێنەکێشـــانەکەیان نەبووەتە بوار بۆ ئەوەی نوێنەرایەتیی خۆیانی تێدا بەرجەســتە بکەن. مێژووی نیگارکێشـــان بە ناوەکانی وەک داڤنجی، پیکاســـۆ، دالی، ڤان کۆخ، گۆیا... هتد داگیر کراوە، تەنانەت پێشـــیان دەوترێ باڵادەســـتانی هونەرەکە. بەکارهێنانی وشـــەی باڵادەســـت دەریدەخات کە بە پلەبەرزترن لە ئاســـتی هونەرمەندی ئاسـایی. ئەوەی من لێرە باســی دەکەم هونەری فێمینیســتی یان هونەری ژنان نییە، بەڵکوو پیشـاندانی بوونی ژنانە لە قۆناغە هونەرییەکان و نیشـاندانی کارە مەزنەکانی هونەرمەندانی فێمینیســـت و ژنان، تێپەڕاندنی ئەو ســـنوورەیە کە بوونی ژنان لە چوارچێوەدا دەبەســتێتەوە. ســەرەتای بیرۆکەی نووســینی ئەم گوتـارە بیرکردنەوەم بوو لەو تـابلۆیـانەی دەهـاتنە بەرچـاوم لە ســـەردەمە جیاجیاکاندا. دروســتبوونی ئەو پرســیارە بوو لەناو مێشــکمدا کە ئایا مێیینەکان لە تابلۆ مێژووییەکاندا زۆر ڕووتن؟

گەرچی ســەرهەڵدانی بکەرێکی وەک ژن لە ئەشکەوتەکانەوە تاوەکوو ئێستا بە کۆمەڵێ نەریتی جۆراوجۆردا تێپەڕیوە، کێشـانی بابەتەکانیشـیان گۆرانکارییان بەســـەر هاتووە؛ هەر جارە خۆی لە فۆرمێک بینیوەتەوە. لیندا نید Lynda

Nead یەکەم کەس دەبێت ئەو پرسـیارە دەورووژێنێ کە ئایا بۆچی ڕووتیی مێیینە بووەتە ئایکۆنی سـەرەکیی کولتووری ڕۆژئاوا؟ بڵاوبوونەوەی وێنە و تابلۆی جەستەی مێیینە لە مێژووی هونەری ڕۆژئاوادا بووەتە هۆی بەستنەوە و نـامۆبوونی مێیینە لە هونەردا. نیـد بـاس لە ڕووتیی پلەبـاڵا دەکـات کە لە پەروەردەی هونەردا دەخوێنـدرێ، بەڵام ئەم ڕوانینەی نیـد تـا ڕادەیەک ڕادیکاڵانەیە، گەرچی منیش بڕوام بە زمانێکی توندی ڕەخنەیە کە لەسـەر ئەم تابلۆیانە بوەستێ و ڕەخنەیان بکات، بەڵام ئەم جۆرە پیشاندانە هیی سەردەمی خۆیەتی و دەکرێ وەک ئارگۆمێنت چاوی لێ بکرێ.

## لە ڕێنسانسەوە بۆ ڕۆشنگەری

هەموومان ئەوە دەزانین کە ڕێنسـانس و ڕۆشـنگەری، ڕزگارکردنی عەقڵ بوو لە کۆتوبەند لە ڕێی بیرکردنەوەوە، شـۆرشـێکی گەورەی کولتووری، سیاسـی، هونەری بوو بەڵام گەورەییی ئەم شـۆرشـە بەدەر نەبووە لە کەموکورتی، فەیلەسـوفان و شـارەزایان تەفسـیری جیاوازیان بۆ ئەم کێشـەیە کردووە، بابەتی ئافرەتیش یەکێکە لەو کێشانە.

لە وتـارێکی ئەکـادیمیـای سـایلۆر Saylor Academy کە چـاوێـک بە کاریگەرییەکانی کۆمەڵگەی ئەوروپی سەدەی ١٥-١٨ لەسەر نوێنەرایەتیی ژنان لە هونەردا دەخشێنێت، لە وتارەکە باسی پلە دووی ژنان لەکاتی ڕێنسـانس و کاریگەریی چاکسـازی پرۆسـتانت و کاسـۆلیک لە ژنانی رۆشـنگەر دەکات. لە شـوێنێکی وتارەکەدا دەڵێ "ژنان لە کۆمەڵگەدا دەنگیان نەبووە لەسـەر پرسـە ئابووری و ڕامیارییەکان، گرنگترین پیشـەیان دایکبوون و ژنبوونە." کاتێکیش ڕۆشـنگەری کۆمەڵگەکانی ئەوروپای داگیر کرد، ژنـان دەسـتیان کرد بە

ســوودوەرگرتن لە ڕەوتە فیکرییەکان. دواتر نووســەران باســی ئەم ڕەوت و نواندنەی ژنان لەناو ڕەوتەکاندا دەکەن، کە پاشـان لای فرۆید دەبێ بە ئاڵۆزیی مادۆنا-ســۆزانی Madonna-whore complex[22] کە تێیدا پیاو، ژن وەک مادۆنا یان ســۆزانی دەبینێ. کاریگەریی ڕیفۆرمی پرۆتســتانت و کاسـۆلیک بیرۆکەیەکی نێرسالارانە دروست دەکات (کە لە بەرانبەردا کەنیسە گەورەترین هێزی ســیاســیی ئەو ســەردەمەیە). کۆنترۆڵکردنی ژنان بە شـێوەیەک بوو بووبووە هۆی جیاکاری و چەوســاندنەوەیان لە ســەرانســەری ئەورووپا و ئەمریکای باکووردا.

هەڵبەتە هیچ نموونەیەکی هونەریی دیاریکراوی ئەو ســەردەمە بەردەست نییە کە نوێنەرایەتیی بـابەتەکـانمـان بکـات، بەڵام دۆخی ژینگەی ئەو ســەردەمە، هۆکاری ئایینی و ســیاســی، کاریگەریی گەورەیان لەئاراســتەکردنی داهاتوو هەبووە.

## ژن وەک بابەت لە هونەری ڤیکتۆریا

ڤیکتۆریـا (١٨٣٧-١٩٥١) لە مێژووی بەریتـانیـادا وەک شـــاژنێکی گەورە و کاریگەر دەناســرێت، گەرچی بیرکردنەوەی لەگەڵ کەنیســەدا هاوتا بوو بەڵام گەورەترین داهێنانەکان لە تەکنەلۆجیا و هونەر لە ســەردەمی ئەو ڕوویان دا. وای کرد دکتۆرەکان دوورکەونەوە لە نەریت و ســۆفیگەری، بەرەو زانســت

[22] ئەدەبی دەروونناســی ئەدەبێکی گەورەی شـیکاری دەروونییە کە لە ڕێی کارەکتەری نێو چیرۆک یان کارەکتەرەکانی مێژووەوە شــیکاری دەروونییان بۆ دەکرێ. ئاڵۆزی مادۆنا – ســۆزانی هەروەها پێی دەوترێ ئاڵۆزی مادۆنا – میشــەر؛ هێشــتنەوەی پەیوەندییە ســێکســیەکان لەنێوان دڵسـۆزی و خۆشـەویسـتیدا، یەکەمین جار لەلایەن فرۆیدەوە وەک نەخۆشی دەستنیشان کرا، کە لە پیاوان گەشە دەکات و ژن وەک مادۆنا - پیرۆز یان وەک لەشفرۆشێکی بێسەرپەرشت دەیبینن.

هەنگاو بنێن، زانستی دەرمانسازی و بیردۆزە نەخۆشییە میکرۆبییەکان و توێژینەوە لەسەر ئێپیدێمیۆلۆجی Epidemiology بوون بە بابەتی پێشەنگی بیرکردنەوەی ئەو سەردەمە، بەمەش بەریتانیا و شانشینی یەکگرتوو بوو بە یەکێک لە زلهێزترین و پێشکەوتووترین نەتەوەکانی جیهان.

ئەکادیمیای شاهانەی هونەریی ئەو سەردەمە بە تیۆرەکانی یەکەم سەرۆکی ئەکادیمیاکە: جۆشوا رینۆڵد Joshua Reynold دەستی بەسەردا گیرا. رینۆڵد و ئەکادیمیاکەی بەقووڵی لەژێر کاریگەریی هونەرمەندی شێوەکاری رێنسانس: رافائێل Raphael بوون. بابەتەکانی ئەم ئەکادیمیایە جیاواز بوو لە سەردەمی پێش خۆی کە خەریکی نیگارکێشانی دیمەنە سەربازییەکان و ڕووداوە مێژووییەکان بوون، بەڵام ئەکادیمیای شاهانە بابەتەکانیان هەمەجۆر بوو.

لەگەڵ هاتنە سەرتەختی شاهانە، چینی ناوەند و دەوڵەمەندەکان بازاڕی هونەریان گۆڕی و نەوەیەک پەیدا بوو کە بە وردەکارییەوە دەیڕوانییە کارە هونەرییەکان، چونکە هونەری سەردەمی ڤیکتۆریا ڕەنگدانەوەی جیهان بووە نەک ئایدیا و ئەندێشەی هونەرمەند.

لە کۆتاییەکانی ١٨٤٠کان و سەرەتای ١٨٥٠کاندا، کۆمەڵێ خوێندکار لە بواری هونەردا هاتنە پێشەوە و دژی فێرکردنی شێوازی ڕافائێلی بوون لە ئەکادیمیاکان. کارەکانی ئەوان بە دیمەنی سروشتی تێکەڵ بە خەیاڵ و ئەندێشەوەوایان کرد بە پێش ڕافائێلی Pre-Raphaelite ناو ببرێن. گەرچی تەمەنی ئەم قۆناغە کورت بوو بەڵام کاریگەریی گەورەیان لە دوای خۆیان بەجێ هێشت. پاش ئەم قۆناغە لە جەنگی Franco-Prussian لە ساڵی ١٨٧٠ بووە هۆی ئەوەی ژمارەیەک لە هونەرمەندانی ئیمپریۆنیستی لە فەرەنساوە بەرەو لەندەن کۆچ بکەن کە شێوازێکی نوێی هونەرییان لەگەڵ

خۆیاندا برد. بابەتەکانی وەک خەمۆکی، ئابووری، نەخۆشـــی... بوونە قەزیەی سـەرەکیی ئەم هونەرمەندانە، کە ئەوان لەژێر کاریگەریی قۆناغی پێش ڕافائێلی Pre-Raphaelite بوون و بە بزووتنەوەی ئیســـتەتیـک Aesthetic movement ناســـران. بزووتنەوەکە ڕوویان لە کێشـــانی تابلۆی بەر لە شۆڕشی پیشەسازی کردەوە. تەمەنی هونەری ڤیکتۆریا لەساڵی ١٩٥١ کۆتایی هات بەهۆی زاڵبوونی هونەری مۆدێرن بەسەر ئەکادیمیاکەوە.

ژنانیش لە هونەری سەردەمی ڤیکتۆریادا لە فۆرمی جیاواز خۆیان بینیوەتەوە، بەڵام نوێنەرایەتیی ژنـان زیـاتر بووە وەک لە پیـاوان. ژنـان هەرجـارە بە فۆرمێکەوە پیشـــان دەدران؛ جارێک وەک خواوەند، جارێک وەک کەســـێکی مردوو، وەک کەسایەتییەکی دڕندە، ژن وەک قوربانی و بکەرێکی هەوەسبازی بێدەســـەڵات، خزمەتکار و حکومڕان و...چەندین فۆرمی تر کە ســـەرەنجام فیگەری ژن ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ لە ئارەستەکردنی پەیام و چیرۆکی تابلۆ.

## نوێنەرایەتیی دەستدرێژیی سێکسی لە مێژووی هونەر



دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر ژنانی سابین، ١٦٣٧

**لە قوربانییەوە بۆ ڤیکتۆریا**

لە قوربانییەوە بۆ ڤیکتۆریا بەشی چوارەمی زنجیرە وتاری رۆجەر دێنسۆنە Roger Denson کە بابەتەکانی لە دەوروخولی مێژووی هونەردا دەسووڕێنەوە. خۆی لە باسەکانی جێندەر دەدات و گوتارێک پەرەپێ دەدات سەبارەت بە نوێنەرایەتیی دەستدرێژیی سێکسی لە هونەردا. لە بەشێکی زۆری وتارەکانیدا جیاوازییەکانی کات ڕەخنە دەکات و پێی وایە زۆربەی دیمەنە مێژووییەکانی دەستدرێژیی سێکسی، بەرهەمی هونەرمەندانی نێرینەن، لە کاتێکدا دیمەنی دەستدرێژیی سێکسی لە هونەری مۆدێرن بەرهەمی هونەرمەندی مێینەن. بەڵام دەستدرێژیی سێکسی هونەرمەندانی نێرینە جیاوازە لە هیی مێینە، هونەرمەندانی نێرینە وەک شانازی و زۆر جار وەک

ویســـــتێکی داواکراوی خەیاڵی نیگایان کردووە، بەڵام مێیینەکان کە زۆربەیان هونەرمەندی فێمینیســـــت بوون لە هونەری مۆدێرن ئەمەیان وەک تاوانێک بەرانبەر بە ژن و هاندانی نێرســـالاری کێشـــاوە، گەرچی هەندێکیان ژنانیان وا پیشـــــان داوەجگە لە خۆقوربانیکردن هیچیان بۆ نەمێنێتەوە. ئەمە لە هونەری مۆدێرنیش ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام لە هونەری مۆدێرن زیاتر نیشـــــاندانی بارە خەمۆکەکەیەتی. دێنســـــۆن تەرکیزی تەواو دەخاتە سەر هونەری مۆدێرن کە لەلایەن هونەرمەندانی ژنەوە دروست کراوە. لە وتارەکەیدا زۆرجار بەراوردیان دەکات بە سەردەمی کۆن.



بۆتیچلی، بەهار، ١٤٨٢

دوای دێنسـۆن، دایان وۆڵفـــــتاڵ Diane Wolfthal لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا: وێناکردنی تۆپزگێکردن Image of Rape لەسـەر ڕووتبوون و دەستدرێژیی

سێکسیی ژن دەوەستێ، جیاواز لەوەی دێنسۆن. ئەو دەستدرێژیی ژنان بە ئەلتەرناتیڤێکی "پاڵەوانانە" دادەنێ. "پاڵەوانانە" بەو مەبەستەی کە ئەنجامدانی ئەو کارە وەک شانازییەک وایە، پاڵەوانەکانیش ئەو کەسانەن کە لە کولتوور و سیاسەت و نەریتی باو یاخی دەبن و بە یاخیبوونیان پاڵەوانانە دەردەکەون، بەڵام هێزێک هەمیشە بەئاسانی کۆنترۆڵی بارودۆخەکە دەکات، ئەویش پیاوانی دەزگا دینییەکان و دۆگماکانن، کە هەمیشە دەستدرێژی بۆ سەر پاڵەوانان و بگرە زۆر جار کوشتنیان بە چارە دەزانن. وۆلڤتاڵ زۆرتر کارەکانی دەکێشێتە لای دیمەنی دەستدرێژیی سێکسی و کۆمەڵێک بەڵگەنامەی بینراو دەربارەی پرسەکە، وێنەی ئینجیلی، پەیماننامە سیاسییەکان، تابلۆ مێژووییەکان، دەستنووسە جەنگییەکان... هتد، دەبنە کاری سەرەکیی ئەو.

## نوێنەرایەتیی ژنان لە هونەری ئایینی و وێنەسازی

ئایا دەکرێ بڵێین هونەرمەندی ئایینی یان نا؟ بەڵام هونەری ئایینی بوونی هەیە، گەرچی ئایین دەتوانرێ سنووردانانێک بێت بۆ ئەندێشەی هونەرمەند و هەمیش دەتوانێت ببێ بە ئیلهام بۆ کاری هونەری. هەڵبەتە هەندێ لە ئایینەکان کاری هونەرییان نەهی کردووە و بە حەرامیان زانیوە بەڵام ئەمە نەبووەتە بەربەست لە بەردەم هونەرخوازان و دیندارانیش. لە هونەری ئایینیدا ئەمانە هەن: پیشاندانی چیرۆکە ئاینییەکان و پەیام، ئینجا دیدی هونەرمەند بەرانبەر ئەو پەیامە و... شتی دی. گەرچی هونەری ئایینی دەکرێ خۆی لە فۆرمی ڕۆحانییەوە بگۆڕێ بۆ فۆرمێکی ڕادیکاڵانە کە تەنیا ئایدیای خۆی وەک ئایدیایەکی پاک نیشان بدات و ستەم لەوانی تر بکات. لە سەردەمی کۆنیشدا هونەرمەند و وێنەکێشان خزمەتی دەسەڵاتی ئایینییان کردووە و لە

بەرانبەریشـــدا هونەرمەندی ڕەتکەرەوەمان هەیە، بەڵام بە گشـــتی هونەر لەو سەردەمەدا دیسپلین کراوە.

## نوێنەرایەتیی ژنان لە وێنە ئایینییەکان



لوکاس ڤان لیدین، لۆت و کچەکانی، ١٥٣٠

نوێنەرایەتیی ژنان لە وێنە ئایینییەکاندا نوێنەرایەتییەکی ســـەرەکی نییە، بەڵکوو زیاتر بۆ پڕکردنەوەی بۆشـاییە و زاڵبوونی هەژموونی چیرۆک بەسـەر تابلۆ وای کردووە هونەرمەند بەناچاری وێنەی ژن بکێشـــێ. بۆ نموونە گەر بۆ چیرۆکی نێو دەقە پیرۆزەکـان بگەڕێینەوە، هەژموونی نێرینە زۆر زیـاترە

بەســـەر مێیینە. هونەرمەندانی ئایینییش ئەم چیرۆکەیان لە دەقەکان دەرهێناوە و خستوویانەتە ناو تابلۆیەک کە تێیدا فیگەریم ێیینە ڕۆڵەکەی زۆر کرچوکاڵترە. ژنـان زیـاتر وەک قوربـانییەک دەرخراون لە چیرۆکە ئـایینییەکـاندا. زەحمەتە کەســێک بدۆزیتەوە وەک ماتی مایەر Mati Mayer لەو بابەتەی کۆڵیبێتەوە. مــاتی بە چــاوێکی گەورەوە دەڕوانێتە بــابەتەکە و پێی وایە ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی کە کۆمەڵگە ئـایینییەکان دایانهێنـاوە، کاریگەری لەســـەر ئەو هونەرە هەبووە کە بەرهەمی هێناوە. مایەر بۆیە وەها دووا چونکە لە هونەری مەسـیحی و ســـەدەکانی ناوەڕاســـتدا وێنەی ئافرەتی ئینجیلی بە شـێوەیەکی ســـەرەکی خزمەتی کردووە لەپێناو جەختکردنەوە لە مانایەکی "تایبەت". مانا تـایبەتەکەش پەیـامێکی نێرســـــالارانەیە کە ئـافرەت دەکرێ بە ئـامرازێک بۆ گەیاندنی. لێرەوە چەمکی قوربانیی ئافرەت زیندوو دەبێتەوە.



بێرناردۆ کاڤالینۆ، لۆت و کچەکانی، ١٦٥٦

## بێلانەیی جێندەر لە هونەر

## گێریکۆڵت، ڕافتی مێدوسا، ١٨١٨

لیندا نۆچلین Linda Nochlin وتارێکی لە ١٩٩٤ لە گۆڤاری ڕەخنە و تیۆری هاوچەرخ بڵاوکردەوە بە ناوی Gericault or the Absence of women گێریکۆڵت یان نەبوونی ژن. وەک لە ناونیشانەکەدا دیارە، نووسەر لەسەر کارەکانی تیۆدۆر گێریکۆڵت Gericault Theodore وەستاوە؛ وێناکردنی ژنان لە بەرهەمەکانیدا. کارەکانی تیۆدۆر زیاتر پیشاندانی خەڵک و ناسنامەیانە. لە تابلۆیەکی فیگەراتیڤی خۆیدا ڕەگەزەکانی لەناو یەکتردا تواندووەتەوە. لە



کەم تابلۆیدا گرنگی بە ژنان داوە، وێناکردنەکەشی وەک کەسایەتیی نەزان و نەدیتکە لە دونیا پیشان داوە.

بێلانەیی ژنان دەتوانین لە تابلۆی ڕۆژهەڵاتییەکاندا ببینین؛ بازاری فرۆشتنی ژنان و لێدان و دەستدرێژیی سێکسی، بەکۆیلەکردن و بەکەنیزەککردنی کچ و

ژنان لە وڵاتانی ئیسلامی و دەوڵەتانی عەرەبی، زاڵبوونی نەریتی نێرسالاری و بەقوربانیکردنی ژنان، کەکاری سـەرەکییان نەبووە بەڵکوو پیشـاندانی ئەم دۆخانە کاری پێشینەیان بووە.

بۆ هەموو چیرۆکێکی پاڵەوانی و قوربانی و سەرکێشی و ئەفسانە و عیرفان... هتد، هەردوو ڕەگەز بەشـدارییان کردووە بەڵام هەمیشـە ڕەگەزێک بەسـەر ئەوی تردا زاڵ بووە، زاڵبوونەکەشـی کۆمەڵێ هۆکاری کولتووری، سـیاسـی، ئابووری و... شـتی تری لەپشـتە. ئەم چیرۆکانەش خراونەتە ناو قاڵبی هونەرەوە، لە قاڵبە هونەرییەکەش ئەم زاڵبوونە زەقە.



نمایشکردنی جێندەر لە هونەر دەرئەنجامی ئەو پرۆسە کولتووری و نەریتییەیە کە تاکی هونەرمەند و چیرۆکی ئەفسانەیی لێ هەڵقوڵاوە. سەرهەڵدانی هونەری فێمینیستی لە سالانی شەستەکان نەک هەربووە هۆی دیسان بەنرخکردنەوەی

نوێنەرایەتیی ژن لەکارە هونەرییەکاندا، بەڵکوو دووبارە پێداچوونەوەیە بە کێشەی جێندەر لە هونەردا.

## پاشەکی



تیتیان – ڤینوسی ئوربینۆ (ڤینێری دی ئوربینۆ) ١٥٣٨

نوێنەرایەتیی ژنان لە تابلۆ زەیتییەکاندا کەمە، ئەوەی هەیە بیرۆکەیەکە کە جەستەی ژن پیشان دەدرێ. ناوەندی کچانی گۆرێلا The Guerrilla Girls کە کۆمەڵە هونەرمەند و چالاکوانێکی فێمینیست بوون لە کۆتاییی سەدەی بیستەم، ناڕەزایەتییەکانیان دەربڕی لەمەڕ نەبوونی هونەرمەندی ژن. گرووپێک

تیشـکیان دەخسـتە سـەر نایەکسـانییەکانی نێوان هونەرمەندانی ژن و پیاو بە پشـتبەسـتن بەو بەڵگانەی کە تەنیا ٪٤ی کارەکانی هونەرمەندانی هاوچەرخ لە مۆزەخـانەی هونەریی مێتۆپۆلیتـان Metropolitan مێیینەن و لە ٪٧٢ وێنەی دەستدرێژی بۆ سەر ژنان و جەستەی ئافرەت لە گەلەرییەکان هەڵدەواسرێ و هەڵدەگیرێ.

بەپێی ڕاپۆرتێکی وشـــەکانی تر و ئارنێت نیوز Other Words & Artnet News ئەوەی نیشـان دا کە نواندنی بوونی مێیینە لە جیهانی هونەردا تەنیا لە ٪٢ـــــە لەکۆی ١٨ دامەزراوەی سـەرەکیی هونەری. ٪٨٧ی، نێرینەکان دەیبەن بەڕێوە. لە داهـاتووشـــــدا مێیینەکـان کەمتر کـارەکـانیـان دەبینرێن و نێرینە ئەوەنەیتر کارەکانیان لە مانای هونەری دووردەکەوێتەوە.



ئیمیلی سارتن – خوێندن، ١٨٧٨



مادۆنا لە میدۆ، ڕافائێل، ١٥٠٥-١٥٠٦

بیرۆکەی ئەوەی هونەر چییە و کێ دایهێناوە بە درێژاییی ئەم سەدەیە گفتوگۆی لەسەر کراوە. ئەو بۆچوونەی کە ژنان بە شێوەیەکی سیستەماتیک جودا دەکاتەوە، پەرتووکەکەی لیندا نۆچلین Linda Nochlinـە بە ناونیشانی "بۆچی هیچ هونەرمەندێکی ژن گەورە نەبووە -١٩٧١" گوتارێک کە پێشەنگی هەردوو مێژووی هونەری فێمینیستی و تیۆریی هونەری فێمینیستییە، هەروەها ئاماژە بەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییە دەدات کە بەسەر مێیینەدا هاتووە.

ئەو بیرۆکەیەی کە ژنان بوونەوەرێکی ژێردەستەن، کەمتر هاوتای پیاوەکانن، توانا بەدەستهێنانی لێهاتووییيان نییە بۆیە دەبێ پشتگوێ بخرێن و لە هونەر

دەربهێنرێن، وای کردووە بیرۆکەی باش بۆ نوێنەرایەتیی ژنان کەم بێت. بۆ تێگەیشتن لە نوێنەرایەتیی ژنان لە هونەردا، فرە گرنگە چاو لە قۆناغ و زەمەنی جیاواز بکەین.

لیندا مید Lynda Mead کتێبێک بە ناونیشـــــانی "ڕووتیی مێینە: هونەر، ئۆبسـینی و سـێکسـی" لە سـاڵی ١٩٩٢ بڵاو دەکاتەوە، کە تێیدا ئەو بیرۆکەیە کەشف دەکات کە کاتێک ئافرەتێکی ڕووت وێنەی دەکێشرێ و وەک هونەرێکی بەرز لە شـارسـتانییەتی ڕۆژئاوادا دەبینرێ، ئەوە دەردەخات کە چۆن مێیینەی ڕووت ئێسـتـا هەم لە ناوەنـدە فەرمییەکـانی دەوڵەت و هەم لە نـاوەنـدە کولتوورییەکاندا لە ئاستێکی باڵادایە.

بەڵام ئێمە نواندنی مادۆنا Madonaمان هەیە، کە کارێکی جوانی هونەری و کەسایەتییەکی گرنگی سەردەمی ڕێنسانس و ئاییندارییە، بەڵام زۆر فێمینیست مشـتومڕیان لەسـەر ئەم تابلۆیە کرد کە مادۆنا نوێنەرایەتیی هەموو شـتێک دەکـات و کە نوێنەرایەتیکردنی ژنـان، بەسـتنەوەی بوونی ژنـان بە دەقی ئایینییەوە، هەڵەیە و ئازادیی ڕەهایان لێ زەوت دەکات. هەروەها پیشـانـدانی جەستەی ژن بەم شێوەیە تەواو نەبوو، بەڵکوو مەسەلەکە شەیدابوونی پیاوان بوو بۆ ئەم شـێوازە لە جەسـتە. مادۆناش هێمای پاکیزەییە و پاکیزەبوونی ژنانیش ناچاریان دەکات پیرۆز بن. ژنان نابێ تەنیا جوان بن بەڵکوو دەبێ پاکیزەش بن. ئەم بیرۆکەیەش پێوانەی نێرسالاری بۆ ژنان بەهێزتر دەکات.

لیندا مید باس لەوەش دەکات کە بیرۆکەی ژن هەم لەناو هونەر و هەم لە کۆمەڵگەدا، بیرۆکەیەکی بەکۆیلەبوونە لەپاڵ زیادبوونی هێزی پیاوان لە جیهانی سـەرمایەداری. ئەو، ئەم سـەردەمە بە سـەدەکانی ناوەڕاسـت و ڕێنسـانس بەراورد دەکـات؛ یەکێکیـان دەسـەڵاتی هەژموونخوازی و ئەوی تریـان فیودالیزمانەیە. لە هەردوو سـەردەمدا، ژن وەک کۆیلە، ئامراز دەبینرێت. لە

ڕێنسـانس کەسـایەتییەکانی وەک داڤینجی، مایکڵ ئەنجێلۆ Michelangelo و ڕافائێل Raphael ئافرەت وەک ئامراز و بت سەیر دەکەن.

لە سـەردەمی ڕێنسـانسـدا پێدەچێ بەس ئەو تابلۆیانە ببینین کە پیاوان وێنەی ژنانیان کێشـــاوە، بەڵام جیاوازیی نێوان هونەرمەندی مێ لەگەڵ نێرینەکانی سـەردەمی ڕێنسـانس زۆرە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ژینگە نێرسـالارییەی کە هەبووە و هەیە. یەکەم هونەرمەندی ئافرەت لە سـەردەمی ڕێنسـانسـدا سۆفۆنیسبا ئەنگویسۆلا

Sofonisba Anguissola بووە کە لە هیچ لە ناوەندە ڕۆشـەنبیرییەکانی ئیتالیا نەبووە. سـالّی ١٥٢٣ کرێمۆنا لۆمباردی Cremona Lombardy لەدایک بووە، بەڵام کارەکانی لە سەدەی ١٦ دەردەکەون نەک لە سەدەی ١٥- سەردەمی ڕێنسانس.



ئەدۆلف ترایدلەر، بۆ هەر شەڕکەرێک ئافرەتێکی کرێکار، YWCA، ١٩١٨



کیت کۆلویتز، گەل، ١٩٢٢ – گالەری تات

پێم وایە ئەمە گوزارشتە لە گۆڕانی هەڵوێستی کولتووری بەرانبەر بە ژنان لە هونەردا و مافی بەشداریکردنی تێدا، نەک هەر ڕۆڵێکی پاسیڤ ببینێت لە کۆمەڵگە. تا سێ سەدە دواتر لە سەدەی ١٩، کە ژنان بوونی خۆیان لە هونەر نیشان دا. لە لیژنەی ڕەخنەگران ئامادەگییان هەبووە. لە ساڵی ١٨٧٦ لە کاتی نمایشکردنی سەدساڵەی فیلادێلفیا Philadelphia

CentennialExposition[23] کە هونەرمەنـدانی ژن کـاریگەریی گەورەیـان هەبوو لە بەشـــــداریکردن و ڕەخنەکردنی ڕەوتە هونەرییەکـان، تەنـانەت وێنەکێشـی ئەمریکی: ئێمیلی سـارتین Emily Sartain بوو بە یەکەم ئافرەت کە مەدالیای ئاڵتوونیی سەدەی وەرگرت وەک باشترین هونەرمەندی سەدە، بە بەشداریکردنی بە تابلۆی دووبارە سەلماندنThe Reproof.

The Centennial international Exhiation پێشـــــانگای نێودەوڵەتیی سـێـتێنیاڵ یەکەمین پێشانگای تایبەت بوو بەژنان، کە لەلایەن ژنانەوە دامەزرا، کەتیشـکیان دەخسـتە سـەر کارە هونەرییەکانی ژنان. هەبوونی پێشـانگای لەم چەشنە بۆ ژنان دروستبوونەوەی ڕێنسانسێکی نوێیە کە تایبەتە بە ژنان. بەڵام لەگەڵ هەبوونی ئەم پێشـانگایەش هێشـتا بوونی کاری هونەریی ژن سنووردار کرابوو، تا پەیدابوونی چەمکی **ژنی نوێ** لەلایەن نووسـەری ئیرلەندی سـارا گراندەوە Sarah Grand کە لە وتارێکی کاریگەر لەسـالّی ١٨٩٤ بڵاوی کردۆتەوە. لەژێر کـاریگەریی ئەم وتـارەدا بزووتنەوەیەکی گەورەی هونەری دروسـت بوو بە ناوی New Women Movement کە بزووتنەوەیەکی فێمینیستی بوو. ڕادیکاڵەنە لەگەڵ ئەو گوتارە مامەڵەی دەکرد کە زۆرینە ئەرکی ژنیان تەنیا بە کاری ناوماڵ و دایکبوون و پیشـە خێزانییەکان دەزانی. دژی هەموو جۆرە سنووردارکردنێک و داپڵۆسینێک بوو بەرانبەر بە ژنان.

ئیملی سـارتین ئافرەتێکی پێشکەوتنخواز بوو و دژی نەریتی باوی کۆمەڵ و ئەو سنوورانەی کە کۆمەڵگەی پیاوسالاری دیاری کردبوو، بووەوە. سـارتـین ڕێخراوێکی ژنانی پێکهێنا لە شـێوەی یانەیەک بەناوی یانەی سـەدەی نوێ

23 یەکەمین پێشـانگای نێودەوڵەتی سـەدسـاڵەیی بوو، لەسـاڵی ١٨٧٦ یەکەمین پێشـانگای فەرمیی جیهانی لە ئەمریکا بە ڕێوە چوو، لە ١٥ی مەی تا ١٥ی نۆڤەمبەری ١٨٧٦ لە شـاری فیلادێلفیا

New Century Club که شوێنی کۆبوونەوەی ئەندامانی بزووتنەوەی ژنانی نوێ و ڕابەرانی ڕێکخراوی ژنـان بوو. ئـامـانجی ئەم یـانەیە بریتی بوو لە بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و ئەدەبی و هونەری لەناو ژنان و وتووێژکردن دەربارەی ئەو ڕووداوانەی لە دونیای نوێدا ڕوو دەدەن. دوایی زیادبوونێکی کتوپڕی ژنان لە کاری هونەریدا بینرا. گۆڕانێکی گەورە لەکۆمەڵگەدا ڕووی دا. ژنان بە ئازادی لەسـەر شـەقام و لە پاڕکەکاندا وێنەیان دەکێشـا، بەشـداری پرسـەکانی ڕۆژانەیان دەکرد. پرسـە سـیاسـییەکان گۆڕانکاریی گەورەیان بەسـەردا هات، بەجۆرێک ئەم بزووتنەوەیە کارکردی بەسـەر بیرکردنەوەی داهێنەرانەی گەنجـانی تـاک هەبوو. لە کـاری هونەریی سـەردەمی ئەم بزووتنەوەیەدا کەمترین تەرکیز لەسـەر جەسـتە و ڕووتیی ئافرەت هەبووە، زیاتر دەرخەری ئەو پەیامانە بوون کە ژنان بە دەستیانەوە دەیانناڵاند.

بزووتنەوەی ژنانی نوێ هەنگاوێکی گەورە بوو بۆ ڕەخسـاندنی بوار بۆ ژنان. ژنانی ئەم بزووتنەوەیە زۆر جار بە سـەردەمی ڕێنسـانس بەراورد دەکران، بە مادۆنا کە ژنێکی نموونەییی ئەو سـەردەمە بوو. ئافرەتانی نوێ پەروەردە و لێهاتووییەکی نوێیـان بە بەری کۆمەڵگەدا کرد. لەژێر کـاریگەریی ئەم ڕەوتە، ژنان توانییان لەسـاڵی ١٩٢٨ لە بەریتانیا، مافی دەنگدان وەربگرن. هەروەها لە ناوەڕاسـتی سـەدەی ٢٠ شـەپۆلی دووەمی فێمینیسـتی وای کرد ژنان بۆیان هەبێ بە تەنیـا بژین و مـافی خـاوەنداریێتییـان هەبێ. بیرۆکەی ئەم شـەپۆلە لەلایەن بیتی فریدن Betty Friden لە کتێبی The Fiminine Mystique سەری هەڵدا.

ئەم شـەپۆل و بزووتنەوەیە وای کرد ژنان کاریگەریی خۆیان لە کۆمەڵگەدا هەبێ و لەماوەی جەنگی جیهانیی یەکەم (١٩١٤-١٩١٨) ژنان توانییان بچنە ناو کاری سـەربازی و هێزی بازووی خۆیان دەربخەن و کاری پیاوانە بکەن. ئەو

نـاڕەحەتییەی جەنـگ کە بەســـەر ژنـانـدا هـات لە هونەر ڕەنگی دایەوە. هونەرمەنـدێکی وەک کێتە کۆلڤێتز Käthe Kollwitz کە هونەرمەنـدێکی ئەڵمانییە، بە سـتایلی گرافیکیی پۆسـت ئیمپریۆنیسـتی، ئازارەکانی مێیینەی لە جەنگ و باری کۆمەڵایەتیدا پیشان دا.

هەروەها گرووپێکی سـوریالیسـتیی ژنان کە پێکهاتبوون لە ڕێمیدیۆس ڤارۆ Remedios Varo، لـیـۆنـۆر فـیـنـی Leonor Fini، لـیـۆنـارا کارینگتۆن، Leonara Carrington، دۆرۆنیا تانینگ Dorothea Tanning، کە زیاتر وەک بیرمەند دەردەکەون نەک هونەرمەند، ئەمـانیش هەڵوێسـتی کۆمەڵگەیان بەرانبەر بە ژنان خستە ناو کاری هونەرییەوە.

هەرچۆنێک بێت، گۆڕانێکی زۆر گرنگ لە جیهانی هونەری ئەمەریکی ڕووی دا. لە سـاڵانی١٩٣٠کانەوە، کە هونەر هاتەژێر دەسـەڵاتی دادوەری و ڕەخسـاندنی هەل بۆ ژنان بۆ بەشداریکردنیان لە پێشانگاکان پەرەی سەند، هەروەها دانانی بەرنامە بۆ کاری هونەری، وای کرد کەسـایەتییەکانی وەک لویس نێڤێلسـۆن Louise Nevelson، ئالیس نـیـل Alise Neel، لیی کراسـنێـر Lee Krasner، ئیسـابێل بیشـۆپ Isabel Bishop هەڵبسـتن بە دروسـتکردنی ڕێکخراوێکی هونەری کە ٤١٪ ئافرەت بوون. دواتر لەگەڵ چەند کۆمەڵەیەکی هونەریی ژنانی وەک کۆمەڵەی نەتەوەییی هونەرمەندانی ژن The National Association of Women Artist و کۆمەڵەی هـونەرمەنـدانی ژنـانی نیویۆرک New York of Women Artists، کۆمەڵەیەکی گەورەتریـان پێکهێنا، بەڵام ئەم جارە بە شـێوەی فێمینیسـتییەکی چەپگەرا دەرکەوتن نەک وەک هونەرمەندانی ژن.

چەند هونەرمەندێک هەبوون تێڕوانین و بیروبۆچوونی خۆیان زاڵ کرد بەسـەر هونەرمەندانی ئەو سـەردەمەوە، دیارترینیان جۆرجیا ئۆکێـفی Georgia

که به دایکی مۆدێرنیزمی ئەمەریکی دادەنرێت. دوای ئۆکـــیفـــی O´Keeffe "هونەری فێمەنیســـتی" Feminist Art و ئایدیاکانی ســـەریان هەڵدا و ژنان جارێکی تر بەرەنگاری کولتووری نێرســـالاریی جیهانی بوونەوە. هونەری فێمینیستی بە دوای تێپەراندنی ئەو سنووره یان شکاندنی ئەو شوشەیەوە بوو کە ژنانی تێدا قەتیس کرابوو. یەکێک لە بەناوبانگترین گرووپەکان و چالاکوانانی هونەری ئەو ســەردەمە کچانی گۆرێلا The Gurrilla Girils یە، کە بە چالاکی و وێنەی سەیروسەمەره سەرنجی سیاسەتمەداران و فیلمسازان و کولتووری گشتی لەسەر فێمینیزم و هونەرمەندانی ژنان ڕاکێشا، بۆ ئەوەی کۆمەڵگە و حکومەت تەرکیز بکەنە ســـەر کێشـــە فێمینســـتییەکان و نالەباریی ژیانی ژنان، وێنە و چالاکی ســـەیریان ئەنجام دەدا. بەناوبەناگترین هونەرمەندانی ئەو ســـەردەمە بریتی بوون لە ماری بێت ئێدلســـۆن Mary Beth Edelson، سیندی شێرمان Cindy Sherman، لین هێرشمان لیسۆن Lynn Hershman Leeson، هانا وایک Hannah Wike… کە ئەمانە هەڵگری ستایلێک بوون لە جیهانی هونەری ژناندا نوێ بوو.




ئایا ژنان پێویستە ڕووت بن بۆ ئەوەی بچنە ناو مۆزەخانەوە؟

هونەرمەندانی وەک سیندی شێرمان و جودی شیکاگۆ Judy Chicago لە وتارەکەی لیند نۆچلین، مێژوونووسی هونەرییەوە هەڵقوڵاون، کە بە ناونیشانی "بۆچی هونەرمەندی ئافرەت گەورە نەبووە؟" بڵاوی کردەوە.

دەتوانین بڵێین ئەم شـــۆڕشـــە هونەرییە لەژێر کاریگەریی شـــەپۆلی دووەمی فێـــمیـــنیـــزم بوو، بەتایبەت لەلایەن کتێبی بێتی فریدانەوە Betty Friedan. کارەکانی فریدان ســەرنجی خســتبووە ســەر نەبوونی شــوێنی کار بۆ ژنان و بەستنەوەیان بە کاری ماڵەوە.

لە ڕاپۆرتێکی ســـــاڵی ١٩٧١ لەلایەن ئەنجوومەنی خانمە هونەرمەندانی لۆس ئەنجلۆســەوە ئەوە ئاشــکرا کرا لە کۆی ٧٣٢ هونەرمەند تەنیا ٢٨ هونەرمەندی ژن کارەکانیان لە مۆزەخانەی لۆس ئەنجلۆس دانراوە، لەماوەی دەســـاڵدا. ئەم ڕاپۆرتە بەنزینی بە گڕدا کرد و هونەرمەنــدان و چــالاکوان و بزووتنەوە فێمینیســـتیەیکان ڕژانە ســـەر شـــەقام، هەڕەشـــە و ناڕەزایەتییان بەســـەر مۆزەخانەی لۆس ئەنجلۆس و مۆزەخانەکانی جیهان بەرز بوویەوە. دواتر بوو بە زنجیرە خۆپیشـاندانێک دژی مۆزەخانەی هونەریی ئەمەریکی و مۆزەخانەی هونەریی لۆس ئەنجلۆس. کۆمیتەی هونەریی ئـافرەتـانی هۆڤۆک Hovoc Women´s Art Committee و گرووپی نێودەوڵەتیی ژنانی جیهان Group of Women Artist International خۆپیشـــاندانی نیویۆرک ویتنی New York Whitney Protests لەســـاڵی ١٩٧٠ ڕێکخســـت، ئەمەش بووە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی کردنەوەی پێشـــــانگـای ژنـان لە مۆزەخـانەکـان و زیادبوونی لە ٥٪ بۆ ٢٠٪. بەهۆی ئەو ســێکســیزمەی لە جیهانی هونەر هەیە، نەیهێشتووە ئافرەتان ڕۆڵی بەرچاوتر بگێڕن.

لیندا نۆچلین لە ساڵی ١٩٧١ پرسیارێکی بەرەنگارییانە دەکات کەتا ئەمرۆش وەڵام نەدراوەتەوە: "بۆچی هیچ هونەرمەندێکی مێینە گەورە نەبووە؟"



سیندی شێرمان



ماری بێت ئێدلسۆن، نانخواردنی دەرەوە، ١٩٧٣

به گشتی ئافرەت وەک فیگەرێک بە درێژاییی سالان پەرەی سەندووە، بەلام تا ڕادەیەک هێشـــتـا ژنـان دوورن لە جیهـانی ئەمرۆ و لەهونەری ئەمڕۆ، بە شێوەیەکی گشتی لە ئاستی تاکەکەسیدا هێشتا نوێنەرایەتیی ژن لە جەستەدایە و بوونە جەستەییەکەیان لە هونەری ئەمڕۆشدا دەبینرێ.

**پەیام/ئیشی هونەر چییە؟**

لەگەڵ بەجیهانیبوون و هـاتنی ســـیاســـەتی لیبڕالیزم و بەکاڵابوونی بـابەتە هونەرییەکـان، هونـەر و ئەنـدێشــــەی هونەری کەوتنە نـاو قەیرانێکی گەورەی لەناوچوونەوە. ئەم لەناوچوونە دانانی نرخە بۆ کاری هونەری و ســـەیرکردنی هونەرە وەک ئامرازێک بۆ بەدەســـتهێنانی داهات. نەک تەنها کاری هونەری، ئـایینیش ئـامراز بووە بۆ زیـادکردنی ژمـارەی داهـات. لەنـاو چوارچێوەی ســیســـتەمێکی ســـەرمایەداریدا، کاری هونەری ئەوکات بەهای هەیە کە بکرێ بەکاڵا، بەکاڵابوونیش دانانی نرخە لەســـەری. لە ســیســـتەمی ســـەرمایەداریدا هونەر و هونەرمەند بکەر و بەرکاری سەرمایەن. هونەر بریتییە لە خۆدەربڕینی هونەرمەند، بۆیە گەر هونەرمەند بەرانبەر هونەرەکەی خۆی بەوەفا بێ، دەبێتە خاوەن هونەرێکی شۆڕشگێرانە، هەر وەک گۆرنیـــکـــای پیکاسۆ هونەرێکی شـۆرشــگێڕانەیە کە لە ئاســتی هونەرمەندبوون دەردەچێ و دەبێ بە بلیمەت. بەگشتی هونەر لە دونیای ئەمڕۆ و سەدەی رابردوو هونەرێکی سانسۆڕکراوی بازاڕی بوو، بۆ نموونە خۆکوژییەکەی مایاکۆڤسکیMayakovsky کە شاعیر و شـــانۆنامەنووســـێکی ڕووســـی بوو، ناڕەزایەتییەک بوو دژی حوکمڕانیی بیرۆکراســیی ســتالین، ناڕەزایەتییەک بوو دژی هەموو ئەو هونەرمەندانەی کە هونەرەکەی خۆیان خســتە خزمەتی ســتالین. هونەر ڕۆحێکە لەناو نەتەوە کە

کولتوور و ئێش و چیرۆکەکانی لەناودا بەیان دەکرێ، بۆ نموونە جەنگی ناوەخۆی چین کە لە کۆنگۆ زیاتر لە ٥ ملیۆن کەس کوژران، هیچی نەخراوەتە ناو قاڵبێکی هونەری. ٤٠ ملیۆن کوژراوەکەی سەردەمی ماو تسی تۆنگ هیچیان بە پڕۆسەی بەهونەرکردندا نەرۆیشتوون و بگرە بکەرانی، خزمەت و ستایش کراون.

دوای کەوتنی هونەر بۆ کۆمەڵگەی بورژوازی، مامەڵەکردنی هونەر وەک کەرەستە و ئامرازی سەرمایە، وادەکات باومگارتن پرسیاری بهێنێتە ئاراوە: هونەری چاک چییە؟ لە ڕێی ئەو پرسیارەوە هەوڵی داوە چێژی هونەری لە هونەر جیابکاتەوە. گەر ئەفلاتوونانە وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە، دەڵێین: ئەوەی جوانە چاکیشە، ئەوەی چاکە جوانیشە. ئەفلاتوون جوانی و چاکی بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ئەمەش لەزمانی یۆنانی وشەی Kalosی بۆدانراوە، بەڵام هەموو ئەو هونەرمەندانەی خۆیان بە جوانییەوە خەریک دەکەن، لاساییکەرەوەن، چونکە جوانی لە بینینی بینەردایە. هەوڵدان بۆ کێشانی جوانیی ژنێک، مەسەلەی جوانییەکە دەیکات بە لاساییکردنەوە، بەمەش هونەرمەند بابەتی وەرگیراو لە هونەرەکەی بە کار دێنێ و هونەرێکی وەرگیراو بەرهەم دێنێ. هونەری وەرگیراو دەکرێ بۆ نوێنەرایەتیکردنی بابەتیش بەکار بێت، بۆ نموونە دوو هونەرمەندی شێوەکاری یۆنان (زیۆکسیس) و (پارهاسیۆس) لە کێبڕکێیەکی هونەریدا دوو تابلۆ ئامادە دەکەن، زیۆکسیس لە تابلۆکەیدا چەند هێشووەترێیەک دەکێشێت. هێشووەترێیەکان هێندە لە ڕاستیەقینە دەچوون، باڵندەکان دەندووکیان لێدەدا. دواتر زیۆکسیس داوا لە پارهاسیۆس دەکات تا پەردە لەسەر تابلۆکەی لابەرێت تاوەکوو وێنەکە ببینن، بەڵام پەردەکە بەشێکی وێنەی کێشراوی سەر تابلۆکە بووە بەبێ ئەوەی بینەر بەوە بزانێ کە پەردەکە قوماش نییە و بەشێکە لە تابلۆکە. مەبەست لەم نموونەیە شێوازی هونەرە

وەک لاساییکردنەوە، یان وەرگرتنی بابەتەکانی نێو جیهان. لاساییکردنەوە واتە ئەو کەرەستە و شتانەی لە جیهاندا هەن، هونەرمەند دەیانگوازێتەوە ناو تابلۆ. بەڵام جیا لە لاساییکردنەوە، ئێمە دەتوانین نوێنەرایەتی لەناو تابلۆکاندا بەدی بکەین. بیرۆکەی نوێنەرایەتیکردن یەکەمین جار ئەفلاتوون لە لاساییکردنەوەوە وەردەگرێ. لە تابلۆکاندا هونەرمەند دەتوانێ بابەتەکان وەک نوێنەرایەتی بۆ بابەتەکانی ببینێ، واتە لە تابلۆدا دوالیزمی هەیە لەنێوان جیهانی دەرەوە و جیهانی ناو تابلۆ. ئەفلاتون نموونەی هونەرمەندێک دەهێنێتەوە کە وێنەی درەختێک دەکێشێ، ئەو درەختە نوێنەرایەتیی درەختەکانی جیهانی دەرەووە دەکات، ئەمەش هونەر لەنێوان لاساییکردنەوە و نوێنەرایەتی جێ دێڵی کە لە لای ئەفلاتۆن چەمکی mimesisی بۆ دانراوە. جیاوازیی نێوان لاساییکردنەوە و نوێنەرایەتی، دەگەڕێتەوە سەر بابەتی هونەرمەند. گەر هونەرمەند وێنەی درەختێک بکێشێ کە درەختی وا پێشتر نەبینرابێ، ئەوا ئەمە دەبێ بە نوێنەرایەتی، بەڵام گەر وێنەی درەختێکی باو بکێشێ ئەوا دەبێ بە لاساییکردنەوە.

کلایڤ بێڵ Clive Bell دوو جۆر خەسڵەت لە بەرهەمی هونەری دیاری دەکات؛ یەکێکیان بنەڕەتی و ئەوی دی نابنەڕەتی. بۆ نموونە تابلۆی دیمەنی سروشتی، هەندێ خەسڵەت دەدۆزیتەوە کە لە دیمەنە دەرەکییەکاندا هەیە و تەنیا خەسڵەتی تابلۆکە نییە، بەڵام تابلۆکە بەرهەمێکی هونەرییە و خەسڵەتی هونەریی هەیە کە لە سروشت جیای دەکاتەوە، ئەم خەسڵەتەش لە شیعردا جوانتر دەردەکەوێ، کە شیعر خاوەنی کێش و سەروایە. ئەم بۆچوونەی بێڵ، هونەر لە نوێنەرایەتی دوور دەخاتەوە و دەیکات بە داهێنەرانە.

لە دونیای تەکنەلۆژیاشدا نەریتێکی بیرکردنەوەی ئامێرییانە بەسەر مرۆڤەکاندا زاڵە و وای کردووە نارەسەنییەتی بوون زۆر ببێت. هونەر بەپێچەوانەی

تەکنەلۆژیا، ڕاستیی بوون دەردەخات. بەستنەوەی پەیوەندیی نێوان ئۆنتۆلۆژی و هونەر، هایدیگەر لە سـیسـتەمە ئۆنتۆلۆژییەکەی خۆیدا دایدەمەزرێنێت و هونەر وەک ڕزگـارکەرێـک دەبینێ کە مرۆڤ لە بێهودەییی ژیـان و نەریتی تەکنەلۆژیا قوتار دەکات. هایدیگەر ئیسـتاتیک وەک ئەزموونی هونەری ناوزەد دەکات و ناسـینی چییەتیی بەرهەمی هونەری لەنێو بەرهەمەکەیدایە. ئەوەی هونەردەکـات بە هونەر بەهۆی نـاوەڕۆکی هونەرەکەوەیە بۆیە نـاوەڕۆکی هونەری، بەرهەمەکە دەپارێزێت، هونەریش کولتوور و بوون دەپارێزێت، فۆکۆ گوتەنی: مرۆڤ دەبێ کەسـایەتیی هونەری هەبێ. هونەر بوونی مرۆڤ دەکات بە بوونێکی مێژووییانە چونکە دەرکەوتەی ڕاسـتی و ناسـینی بوونەکەیەتی. بوونیش لەنێوان خۆدەرخستن و شاردنەوە و لەبیرچوونەوەدایە.

لە لایەکی دیکەوە هونەرمەند ناتوانێت بیرکردنەوە هونەرییەکەی لە دەرەوەی ڕێبازە هونەرییەکان دابمەزرێنێ، یان ناتوانێت ئیسـتاتیکا تێبپەڕێنێ. وا دەزانێ ئەیستاتیک بەشێکە لە هونەر، ئەمەش بیرکردنەوەیەکی بەماکینەکراوە. لەلایەکی دیکەوە ئەوانەی بیر لەهونەر دەکەنەوە نـاتوانن بڕیـار لەسـەر بەرهەمێکی هونەری بـدەن. هەمیشـە لەودیوی بیریـارەکـانەوە هەبووەکە ئەوان لە چوارچێوەی بیردۆزە هونەرییەکاندا بیریان کردۆتەوە و ئەمەش دۆگما بەرهەم دێنێ. هایدیگەر پێی وایە مرۆڤەکان ناتوانن خۆیان لە بڕیارە پێشـوەختەکان ڕزگار بکەن چونکە زمانیان هەیە.

لە ئێسـتادا هەبوونی بینەر و هونەرمەند لە پێشـانگاکاندا گۆڕاوە سـەبارەت بە وێنەکێش و وەرگرێک.

## سەرچاوەکان :


فەلسەفەی هونەر لە نووسینی د.مەحەمەد کەمال ، دەزگای سەردەم.

ئەدەب و هونەر لەلایەن سـەرمایەداری، نووسـینی ئالان وودس، وەرگێرانی پێشڕەو مەحەمەد، دەزگای ڕەهەند .

Tinagli, P. Women in Renaissance Art: Gender, Representation, .Identity. Manchester, England: Manchester University Press, 1997

Nead, L. The Female Nude: Art, Obscenity, and Sexuality. London: .Routledge, 1992

Women From the Renaissance to the Enlightenment." Saylor .Academy. January 1, 2014. Accessed November 13, 2014

Women as Subject in Victorian Art — Representations of ,Women." Victorian Web. July 13, 2009. Accessed November 13

Denson, G. Roger. "From Victim to Victor: Women Turn the Representation of Rape Inside Out." Huffington Post. November 11, ,2007. Accessed November 12

Wolfthal, D. Images of Rape: The 'Heroic' Tradition and Its .Alternatives. Cambridge: Cambridge University Press, 1999

Schäfer-Bossert, S. Gender in Transition: Discourse and Practice in German-Speaking Europe, 1750-1830: The Representation of Women in Religious Art and Imagery. Ann Arbor, MI: University of .Michigan Press, 2006

Meyer, M. "Art: Representation of Biblical Women." Jewish Women's .Archive. March 20, 2009. Accessed on December 8, 2014

Nochlin, L. “Géricault, or the Absence of Women.” October, Vol. 68, Spring, 1994, pp. 45–59. Accessed December 1, 2014. MIT

Denson, R. “Did Men Invent Art to Become Women? Must Women Become Men to Make Great Art?” Huffington Post. January 20, 2012. ,Accessed November 30

.Lucy–Smith, E. Sexuality in Western Art. Thames & Hudson Ltd, 1991

the baic problem of phinominology martin haedigger

. philosophy as a rigorous science